گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران

**م. نعمەت شەهاب حاجی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
nimat.haji@su.edu.krd

**پ.د. خەلیل عەلی موراد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
khalil.murad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Safavid Family, Azerbaijan Region, Qizilbash Army, Ardewel, Taurus, First Shah Ismail the First, Safavid State.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.20

## پوختە

دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠١ لە سەر دەستی شا سمایلی یەکەم (١٥٠١-١٧٢٢) بە یەکێ لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی نوێی ئێران دەژمێردرێت. ئەگەرچی هەندێ لە توێژەران پێیان وایە کەوا بنەماڵەی سەفەوییەکان بە تەما بوون، تا لە ڕێگەی چەسوپاندنی مەزهەبی شیعە دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ئێران بنیات بنێن، بەڵام بەڵگەیەکی زۆر لەبەردەستدا نییە پاڵپشتیی ئەم بۆچوونە بکات. هەرچۆنی بێ دەتوانین دەوڵەتی سەفەوی بە سەرەتای بە دیارکەوتنی بیری نەتەوەیی لە سنووری ئەم دەوڵەتە دابنێین، بەڵام سەقا مگیریی بە خۆیەوە نەبینی، تا کار بەوە بگات دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ دابمەزرێت. لە سۆنگەی ئەم باسەوە هەوڵمان داوە بە وردی تیشک بخەینە سەر بنەچەی خێزانی سەفەوی و هۆکارەکانی بە دیارکەوتن و گەشەسەندن و هەروەها شێوازی بە دەسەڵات گەیشتنیان. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات شەن و کەوی لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازیی و تەنانەت ناوچە گرنگەکانی ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوی بکات. لەگەڵ دەرخستنی گرنگترین هۆکارەکانی پشت ئەو هەنگاوا نەی پاڵیان بە سمایل میرزای کوڕی شێخ حەیدەرەوە نا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە

ناوچەیەکی هەرە ئالۆز و پڕکێشەی ئازربایجان لە ئێرانی سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا.

## پێشەکی:

وڵاتی بەرفراوانی ئێران کە هەر لە دێر زەمانەوە بە هۆی هەبوونی مێژوویەکی پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر و جوگرافیایەکی سەرنجڕاکێشی پان و بەرین و لە هەمانکاتیشدا ژیار و ژینگەیەکی دەوڵەمەند و دێرین، هەردەم ببووە هۆکاری سەرەکی چاوتێبڕینی هێزە ناکۆکە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا بە دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە سەر بناغە و ژێرخانی ئایینزای شیعەی دوازدە ئیمامی لە سەر دەستی شاسمایلی یەکەم (١٥٠١-١٥٢٤) وەرچەر خانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی. دیارە بە هۆی ئەم ڕووداوە گرنگ و مێژووییەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتی سەرجەم گەلانی ناوچەکە و قەڵەمڕەوی زۆربەی دەوڵەتانی دراوسێی بە تایبەت دەوڵەتی عوسمانی کە بەرە بەرە خۆی وەک زلهێزێکی بێ ڕکابەر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا ناساندبوو هاتە ئاراوە. بە لە دایکبوون و بە دیارکەوتنی ئەم دەوڵەتە شیعە مەزهەبە تازە سەرهەڵدراوە، تای تەرازووی سەرجەم هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی بچووکدا گۆڕی. چونکە زۆری پێنەچوو سوپای قزڵباش بە پێی فەرمانەکانی شاسمایلی یەکەم کە خۆی بە سێبەری خواوەند لە سەر گۆی زەوی دەزانی، بە مەبەستی بەرفراوانکردنی سنووری فەرمانڕەوایە تییەکەیان ڕووی هێرشەکانی ئاراستەی دەوڵەتانی دەوروبەر کرد.

لەم لێکۆلینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە پوختەی ئەو زانیاریانەی لە مەڕ چۆنیەتی سەرهەڵدان و بە دیارکەوتنی خانەدانی سەفەوی لە سەر شانۆی دەسەڵات و ئینجا شێوازی دامەزرا ندنی دەوڵەتیان لەسەر دەستی شاسمایلی یەکەم لە ئێرانی سەرەتای سەدەی شازدەهەم کە لە لایەن کۆمەڵێ توێژەری بەتوانای ئێرانی و غەیرە ئێرانی گرنگی پێدراوە وەک هەوێنی سەرەکی ئەم بابەتە سوودیان لێ وەربگیرێت. لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە مەبەستی تیشک خستنە سەر راستییە مێژووییەکان بە ئامانجی هەرچی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان سوود لەو سەرچاوانە وەربگیرێ کەوا نووسەرەکانیان لە ناو دۆخەکەدا ژیابن یانیش هیچ نەبێ نزیکی ئەو سەردەمە بن کە ئێمە مانان لێمان کۆلیوەتەوە، لەوانە: ابن بزاز، لە کتێبە دانسقەکەی بە ناوی **"صفوه الصفا"** و هەروەها

کتێبی **"سلسله النسب صفویه"** نووسینی شیخ حسن ابن شیخ ابدال پیرزاده زاهدی و کتێبی گرانبەها و پڕزانیاری **منشات السلاطین** نووسینی احمد پاشا فریدون بەگ و کتێبی **خلدبرین** نووسینی محەممەد یوسفی والەی ئەسفەهانی و کتێبی **فوایدالصفویه** نووسینی میرزا ئەبولحەسەنی قەزوێنی و کتێبی **عالەم ئارای صفوی** نووسینی یەدوڵلای شوکری و کتێبی **جواهرالاخبار** نووسینی مونشی بوداقی قەزوێنی وکتێبی**خلاصه التواریخ** نووسینی قازی ئەحمەدی قومی و کتێبی **جهانگشای خاقان** کە نووسەرەکەی دیار نییە و هەروەها کتێبی **تاریخ خانی** نووسینی شەمسەددینی لاهیجی و کتێبی **تکمله الاخبار** نووسینی عەبدی بەگی شێرازی و کتێبی **روضەالصفویه** نووسینی میرزابەگی جەنابەزی و **تاریخ جهان آرا** نووسینی قازی ئەحمەدێ غەفاری قەزوێنی و **تحفەی سامی** نووسینی سام میرزای سەفەوی و کتێبی **لب التواریخ** نووسینی یەحیا قەزوێنی و کتێبی **تاریخ ایلچی** نظام شاه نووسینی خوورشای کوڕی قوبادی حوسێنی و کتێبی **عالم آرای امینی** نووسینی خونجی ئەسفەهانی کە سوودێکی یەکجار زۆرمان لێ بینیون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی و تۆرەمە و بنەچەی ئەم خانەدانە دەکەین کە بە درێژایی مێژووی بوونیان لە لایەن شایە دەسەڵاتدارەکان و نووسەرە دەربارییەکانەوە کەوتۆتە ژێر پەرەیەکی تەماوی، بۆیە هەوڵمان داوە بە تێروانینێکی زانستیانە هەتا پێمان بکرێ تیشک بخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی ئەم فەترەیە. لە تەوەری دووەم باسی چۆنیەتی لە مردن رزگاربوونی سمایل میرزای کوڕە بچووکەکەی شێخ حەیدەر وەک دوا میراتگری ئەم بنەماڵەیە دەکەین و شێوازی پەروەردە کردنی لە سەر مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی و هەروەها ڕاهێنانە چرۆپڕەکانی باوەڕمەندانی تایبەت لە بوارەکانی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سەربازیی و پێگەیاندنی ناوبراو لە سەرجەم بوارەکانی تر دەخەینە بەر باس و لێکۆ لینەوەیەکی وردی زانستیانە. لە دوا تەوەری ئەم توێژینەوەیەشدا باسی چۆنیەتی داگیرکردنی تەورێزی پایتەختی ئاق قۆیوونلووکان لە لایەن سوپای قزڵباش دەکەین و بە تاج لە سەر نانی شاسمایلی یەکەم و دامەزراندنی دەوڵەت سەفەوی و جێگیر بوونی دەسەڵات هەوڵدەدەین کە هۆکارە سەرەکییە کانی بەدەسەڵات گەیشتنی شاسمایل و چۆنیەتی دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی بخەینە بەر باس و لێکۆلینەوەیەکی ورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١- ڕەگ و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی:

بە گوێرەی ئاماژەکردنی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە مێژووییەکان کۆمەڵگای ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەهەم و لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئێلخانانی مەغۆل (١٢٥٦-١٣٣٥)دا، تووشی ژمارەیەک ڕووداوی گرنگی سیاسی، سەربازی، ئایینی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی بوو کە بە هۆیانەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی خۆگونجاندن یاخود بەرەنگاربوونەوەی خەڵک لە بەرامبەر چۆنایە تی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ستەمکاری ئێلخانەکاندا هاتە کایەوە(بنانی و دیگران، ١٣٨٠: ٦٧-٦٨). لەم هەلومەرجە تەسک و دژوارەدا ڕێبازە سۆفیگەرییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەرفەتی چەکەرەکردن و درەوشانەوەیەکی زیاتریان بۆ ڕەخسا، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیکی زۆر تەکیە، خانەقا، گۆشەی زیکر و ناوەندی پارانەوە و ڕاهێنانی سۆفیگەریی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێرانی ئەوکاتە سەریهەڵدا و خەڵکانێکی هەژار و لێقەوماو یان لە باوەش گرت و ئەرکی ڕێنوێنیکردنی نەتەوە دۆڕاوەکان بۆ هاتنە سەر ڕێگەی ڕاست کەوتە ئەستۆی شێخ و سۆفی و موریدەکانیان ( مزاوی، ١٣٨٨: ١٢٠؛ پارسادوست ، ١٣٨٧: ١٠٣-١٠٥).

لە دۆخێکی ئاوا سەخت و پەشۆکاوی پڕ لە کارەساتی کوشتن و بڕین و فەرهودکردندا، ڕێبازی سۆفیگەریی**"سەفەوییەکان"** (١٣٠١-١٥٠١) لە ناوچەیەکی ناوەندی دەسەڵاتی ئێلخانەکانی ئازربایجان و لە شاری ئەردەوێڵ سەریهەڵدا(کسروی، ١٣٧٩: ٦٧-٦٨). وەک زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان پێداوە ناوی سەفەوییەکان لە ناوی دامەزرێنەری خانەدانی سەفەوییەکان واتا **"شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاقی ئەردەوێڵی"** (١٢٥٢-١٣٣٤) وەرگیراوە (ابن بزاز، ١٣٧٣: ١؛ زاهدی، ١٣٤٣: ٦٨؛ مستوفی، ١٣٦٢: ٦٧٥؛ مزاوی، ١٣٨٨: ١٢١؛ سێیڤری، ٢٠٠٦: ٤٠؛ نوایی و غفاری فرد، ١٣٩٤: ٣٦). ئەگەرچی ئەم خانەدانە بەر لەوەی لە ڕێگەی شێخ زاهیدی لاهیجانی و دواتریش بە هۆی شێخ سەفییەددینەوە ببن بە خاوەنی ڕێبازێکی سۆفیگەری و مرید و دەروێشێکی زۆر لێیان کۆ ببێتەوە، لە بنەچەدا بنەماڵە یەکی دەرەبەگ و خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو لە گوند و دێ و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر و مرید و خزمەتکارێکی لە ڕادەبەدەر و سامانێکی بەرفراوان بوون. لە فەیرۆزشای کڵاو زێڕین کە ناودارترین بەرەبابی ئەم خانەدانەیە و گوایە بە ڕەچەڵەک کورد بووە و لە ناوچەکانی کوردستانەوە بەرەو ئەردەو ێڵ کۆچی کردووە زانیاریی زۆر کەم لە بەردەستە (کسروی، ١٣٧٩: ٦٩).

سەبارەت بە ڕەگ و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوییەکان لە سێبەری دەقە دەسنووسە ڕەسەنە مێژووییەکانەوە دەکرێ بڵێین کەوا ئەم مێژووە ئاڵۆزکاوی و چەواشەیی گەڵێ زۆری بەخۆیەوە گرتووە. دیارە هۆکاری سەرەکی ئەم چەواشەکارییە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە میراتگرانی شێخ سەفی هەر ئەوەندەی لە ڕێی هێزی بەرەو گەشەی بیروباوەڕێکی تایبەت دەسەڵاتیان گرتەدەست، بە ئەنقە ست و بە پێی ئامانجێکی دیاریکراو کەوتنە تێدابرانی تەواوی ئەو بەڵگە نامانەی باسی سەروو چاوە و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی ئەوانیان دەکرد و ڕەنگبوو برستی بیروباوەڕ یان دابەزێنێ و ئەو بناغانەی کە ئەم بیروباوەڕەی لە سەر دامەزرا بوو، بیخاتە ژێر پرسیارەرە (سێیڤری، ٢٠٠٦: ٣٣).

ڕەگەزنامەی تۆڕەمەی شێخ سەفی لە کۆنترین دەقە دەسنووسە بەجێماوە دەستێوەر نەدراوە کانی ئەم کتێبە**(صفوه الصفا)** دا بەم شێوازە باسی لێوە کراوە:"**شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاق، کوڕی شێخ ئەمینەددین جوبرائیل، کوڕی سالح قوتبەددین ئەبووبەکر، کوڕی سەلاحەددین ڕەشید، کوڕی محەممەد حافزی کەلاموڵڵا، کوڕی عەواز، کوڕی فەیرۆزی کوردی سەنجانی**" (ابن بزاز،١٣٧٣: ٧٠). دواتر ئیبنوبەزاز ئاوا باسی ڕەگەز نامەی شێخ زاهیدی لاهیجانی ماموٚستا، پیر، مراد و لە هەمانکاتدا خەزووری شێخ سەفی دەکات: "**شێخ تاژدین ئیبراهیم کوڕی ڕەوشەن ئەمیر، کوڕی بابڵ، کوڕی شێخ بنداری کوردی سەنجانی،** کە هەتا حەوت بەرەبابیان شێخ و شێخزادە بوونە"(ابن بزاز ١٣٧٣: ١٨٣؛ براوان١٣٧٥: ٤٢).

هەروەک لە دەقی دەسنووسی ڕەسەن و دەستێوەرنەدراوی **"صفوه الصفا"** دا هاتووە ئیبنو بەزاز لە ناساندنی هەردوو شێخی ناوبراو، زۆر بە زەقی ئاماژەی بە کوردبوونیان دەکات. ئەگەرچی سەرەڕای ئەم ڕاستییە، سەرجەم پاشایانی بنەماڵەی سەفەوی نازناوی خۆیان دەبەنەوە سەر بەرەبابی یەکەمیان واتا شێخ سەفی، بەڵام بە شێوازێکی سەرسوور هێنەر، لەو کتێبانەی کە دواتر لە سەردەمی دەسەڵات و بە فەرمانی ڕاستەو خۆی ئەواندا نووسراون لە وانە: **"فتوحات شاهی، حبیب السیر، لب التواریخ، جهانگشای خاقان، تاریخ ایلچی نظام شاه، تاریخ جهان آرا، تکمله الاخبار، جواهرالاخبار، خلاصه التواریخ، تاریخ عباسی، عالم آرای عباسی، روضه الصفویه، عباس نامه، قصص الخاقانی، خلد برین، زبده التواریخ یزدی، سلسله النسب الصفویه، عالم آرای صفوی، نسب نامه، تاریخ سلطانی و زبده التاریخ موستوفی**" نووسەرانی ئەم کتێبانە وێڕای ئەوەی کە هەر دوو نازناوی کوردی و سەنجانی یان

لە ڕەگەزنامەی شێخ سەفی پەڕاندووە، هاوکات هەوڵیان داوە ڕەگ و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان بە چەند بەرەبابێکی خەیالی بەرنەوە سەر خانەدانی پێغەمبەر و بە بەستنەوەی تۆڕەمەی ئەوان بە موسای کازم، ئیمامی حەوتەمی شیعان، ڕێچکەیەکی سەید و نازناوێکی پیرۆز بۆیان دەستەبەر بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کەوا حەمدوڵڵای مستەوفی لە کتێبی جوغرافیای خۆیدا بە ناوی **"نزهەالقلوب"** کە لە ساڵی ١٣٣٩ز، واتە پێنج ساڵ دوای مردنی شێخ سەفی نووسیویەتی دەڵێ: "زۆربەی خەڵکی ئازەربایجان و دانیشتوانی ئەردەوێڵ (هێلانەی سەرەکی شێخ سەفی) لە سەر ڕێبازی ئیمامی شافعی بوون و سوننی مەزهەبن"(مستوفی ١٣٦٢: ٨١؛ پارسا دوست ١٣٨٧: ١٨٤؛ سێیڤری ٢٠٠٧: ١١-١٢).

لە گەڵ ئەوەی کە هەردوو ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەلمانی **"هانس ڕۆبرت ڕۆمێر"** و**"میشل مەزاڤی"** بە ڕاشکاوی پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن و دەڵێن: کە بێ گومان شێخ سەفی سونییەکی شافعی مەزهەب بووە و مێژووی دەستێوەردان و هەڵگێڕانەوەی دەقی دەسنووسی سەرەکی کتێبی **"صفوە الصفا "**بە مەبەستی گۆڕینی تۆڕەمە و وەچەی بنەماڵەی سەفەویی و داڕشتنی ڕەگەزنامەیە کی تازە کە ڕەچەڵە کیان بە نەوەکانی پێغەمبەر گرێبدات و بیانکاتە سەید، لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠ ساڵ بەر لە فەرمانی شا تەهماسبی یەکەم (١٥٢٤-١٥٧٦) کە میر ئەبولفەتحی حوسێنی ڕاسوپارد هەتا بە گووتەی خۆیان ئەم دەقە ڕەسەنە لە هەرچی ناپاکی و ناراستی **(سڕینەوەی ڕەچەڵەکی کوردی و مەزهەبی سوننی شافعی )** پاکبکرێتەوە و بە کەیفی دڵی شا گۆڕانی تێیدا بەدی بێنێ و بنەچە و رەگەزنامەیەکی تازە لە سەر مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی دارێژنەوە کە ڕەچەڵەکیان بگەڕێتەوە بۆ نەوەکانی پێغەمبەر ( Romer1980: 265 ؛مزاوی، ١٣٨٨: ١٢٢؛ 145).

لە ڕاستیدا نرخ و بایەخی ڕۆژگارانی دوور و درێژی خۆسازدانی هێمنانەی بیروباوەڕی مەزهەبی کە لە شێخ سەفییەوە دەستی پێ کردبوو و دواتر لە لایەن ئەندامە چالاکەکان و میراتگرە بەتواناکانی خانەدانی سەفەوی بۆ ڕێکخستن و وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا درێژەی هەبوو، دواتر لە سێبەری هەوڵ و ماندووبوونی بێووچانی سوڵتان جونەید (١٤٢٩-١٤٦٠) کە بە گێرانەوەی خونجی ئەسفەهانی لایەنگرە ڕۆمییەکانی خانەدانی سەفەوی جونەیدیان بە نازناوی **"مجاهره الله"** و حەیدەری کوڕەکەی بە **"ابن الله"**بانگیان دەکرد( خنجی اصفهانی،١٣٤١: ١٥٤) دیارە سوڵتان جونەید هەر لە یەکەم ڕۆژی بەدەستەوە گرتنی جڵەوی سەرکردایەتی دەروێش و مریدانی، بە ئاشکرا نیشانیدا کە

مەیلی پتر لە دەسەڵاتی دنیایی و فەرمانڕەواییەتی ڕاستەوخۆیە نەک بەڕێوەبردن و سەرپەرەشتی کردنی تەکیە و خانەقاکانە، بۆیە ویست و ئاواتە لەبن نەهاتووەکانی تۆڕەمەی سەفەوی لەم سەردەمە بەدوواوە بە ڕوونی ئاشکرا بوو، بەڵام تەنانەت بە کوژرانی ئەم ڕێبەرە یاخیەش نەک تەنیا بزووتنەوە کەیان هەڵنەوەشا، بەلکوو بە دەرکەوتنی حەیدەر (١٤٥٩-١٤٨٨)ی کوڕی، تێکۆشانی جووڵانەوەکە بۆ وەچەنگهێنانی دەسەڵاتی دنیایی تیژتر کەوتە سەر گەڕ(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٠-٥٢)

وەک لە سەرچاوە مێژووییەکان دا هاتووە، حەیدەر لە ساڵی ١٤٨٨دوای دوو هێرشی سەرکەوتوو و پڕ لە داهات و دەسکەوتی گرانبها بۆ سەر ناوچەی چەرکەسەکان و تەنیا چەند مانگێک بەر لە وەی کە بۆ سێهەمین جار لەشکرکێشی بکاتە سەر هەرێمی شەڕوان و کاوڵی بکات، بە مەبەستی جیاکردنەوە و بەرجەستەکردنی مرید و دەروێشە گیانفیداکانی لە ناو کۆمەڵگای ئەوکاتەی هەرێمی ئازربایجان، لە جاتی تاقییەی تورکمانی کە خەڵک بە گشتی لە سەریان دەنا، کڵاوێکی ڕەنگ سووری دوازدە پەڕەی (گرێ) تایبەت بە بۆنەی ڕێزگرتن لە دوازدە ئیمامی شیعان بۆ پەیڕەوانی خۆی داهێنا کە گوایە پێشەوا عەلی لە خەونی دا فێری کردبوو(جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٤٢؛ خواند میر،١٣٨٠: ٤٢٧). لەوی بەو لاوە ئەم کڵاوە بوو بە نیشانەی دیار و ئاشکرای شیعانی حەیدەری و مرید و دەروێشانی و لایەنگری خانەدانی سەفەوی کە بە قزڵباش**(کڵاوسوور)** ناووبانگیان دەرکرد.(عالم آرای صفوی، ١٣٥٠: ٣٠؛ واله اصفهانی ،١٣٧٢: ٥٣).

دیارە ئاستی دەمارگرژێتی حەیدەر لە نواندنی ئەرکەکان و جێبەجێکردن و بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕە چەوتەکانی مەزهەبی شیعە گەلێ لە جونەیدی باوکی زیاتر و مەترسیدارتر بووبێ، بۆیە کاردانەوە و دەرئەنجامەکانیشی لە بەرگی کۆمەڵێ شەرێکی خوێناوی و ماڵوێرانی بێپسانەوە، نەک تەنیا داوێنی کۆمەڵگای ئێرانی ئەوکاتەی گرتەوە بگرە کۆمەڵگای موسولمانی دونیاش کە زۆربەی هەرە زۆریان لە سەر مەزهەبی سوننی بوون خستە بەر تەوژم و کاریگەریی ماڵوێرانی هەڵوێستە نەگریسەکانی هەڵگرانی ئەم جۆرە باوەڕانە کە لە سەر ڕاسپاردە و فەرمان و فتوای ڕێبەریان دەردەچوون (فریدون بیک، ١٨٤٨: ج ١، ٣١٢؛ اسپیناقچی،١٣٠٩ : ٣٤). قزڵباشەکان لە ژێر ناوی **"شیعانی حەیدەری"** سەبارەت گەلانی تری سوننی مەزهەبەوە ئەو پەڕی دڕەندەیی و ستەمکارییان دەنواند و لە هیچ تاوان و کردەوەیەکی نامرۆڤانە دریغیان نەدەکرد، بە باوەڕی ئەوان خێری کوشتنی تاکە کەسێکی سوونی لە

بەرامبەر ٥تا ٧کەسی کافر بوو و هاوکات گیان و ماڵ وحال و نامووسی سوننییە کانیان لە شیری دایک بە حەلال تر دەزانی. (اسپیناقچی،١٣٠٩ : ٣٤؛ پارسا دوست، ١٣٨٧: ١٤٦).

بە کوژرانی سوڵتان حەیدەر، بزووتنەوەی سەفەوی بۆ دووەم جار لە مەیدانی شەڕدا سەرۆکی خۆی لە دەس دابوو، بەڵام هێز و بڕشتی دەروونی بێ وچان بەرەوە گەشە و پێشکەوت پاڵی پێوەنا. لە نێو کوڕانی حەیدەردا هەر ئەو سێیانەی بە ناوی **"عەلی، برایم و سمایل"** کە لە عالەم شابەگمی دایکیان کەوتبوونەوە خاوەنی سەنگ و بایەخ بوون. سوڵتان عەلی کوڕە گەورەکەی شێخ حەیدەر، وەک جێگرە وەی باوکی بوو بە کاروانسالاری ڕێبازی سەفەوی و خۆی بە پاشا ناودێر کرد و بەم چەشنە ئاواتە سیاسییەکانی خانەدانی سەفەوی پتر لە پەردە هێنایە دەر (سیێڤری، ٢٠٠٦: ٥٥؛ هینتس،١٣٦٢: ٨٨). لەم کات و ساتانەدا دڵەڕاوکێی سوڵتان یاقووبی ئاق قویۆنلوو (١٤٦٤-١٤٩٠) کە بە مردنی حەیدەر بە شێوە یەکی کاتی بنەی بڕابوو لە ساڵی ١٤٨٨بە هاتنی کۆمەڵێ ڕاپۆرت لە بارەی خۆسازدانی سوڵتان عەلی بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تۆڵەی خوێنی باوکی، دیسانەوە بە چەشنێکی قەیراناوی و مەترسیدارتر خۆی نواندەوە(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٥). بۆیە هەر زوو فەرمانی دابە گرتن و بەندکردنی هەرسێ خۆشکەزایەکەی لە گەڵ دایکیان لە قەڵای ئیستەخری فارس لە باشووری ئێراندا (پارسادوست، ١٣٨٧: ٢١٧؛ Browne, 1966: 21).

بە مردنی یاقووب بەگ لە ساڵی ١٤٩٠دا هەر کام لە خوازیارانی تاج و تەختی پاشایەتی هەوڵی تێدابڕانی ڕکەبەرانی خۆیان دەدا، بۆیە زۆری پێنەچوو دەوڵەتی ئاق قۆیوونلوو لەبەر شەڕەکانی نێوخۆی بنەماڵەی دەسەڵاتدار لێکهەڵوەشا(ترکمان، ١٣٨٢: ٢٣؛ خواندمیر،١٣٨٠: ٤٣٩). دوای مردنی یاقووب بەگ بایسونقوری کوڕە گەورەی بە پاڵپشتی پیاوماقوولانی تورکمان جێگەی باوکی گرتەوە و لە تەورێز لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت. دوای شەڕ و پێکدادنێکی ناوخۆیی بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان خزمە نزیکەکاندا، یەکێ لە ڕکەبەرانی دەسەڵات بە ناوی ڕۆستەم بەگ (١٤٩٢-١٤٩٧)کە نەوەی حەسەن بەگی گەورە بوو، گیرا و ڕاپێچی بەندیخانەی قەڵای ئەلنجەق کرا. ئەحمەد بەگی نەوەی تری ئوزون حەسەنیش، دوای خۆرزگارکردن لەم شەڕ و پێکدادانەدا پەنای بردە بەر دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان بایەزیدی دووەم ئەم دەرفەتەی بە هەڵزانی و کچێکی خۆی لێ مارە کرد( فریدون بیک، ١٨٤٨: ٣٢٣). لە ساڵی ١٤٩٢ ڕۆستەم بەگ بە یارمەتی برایم بەگی دانا خەلیل ناسراو بە **"ئیبنێ سوڵتان"** لە

بەندیخانە رزگاری بوو و دوای شەڕ و پێکدادانێکی چڕوپڕ و بەزاندنی بایسونقور، تەورێزی پایتەختی داگیر کرد و لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت(قزوینی، ١٣١٤: ٢٢٥؛ شکری،١٣٥٠: ٣٣-٣٤؛نویدی شێرازی، ١٣٦٩: ٥٧٠) ڕۆستەم بەگ دوای رێکخستنی کاروباری وڵات بیری لەوە کردەوە کەوا لە ڕاگەیاندنی شەڕی لایەنگرانی خانەدانی سەفەوی بە سوودی خۆی دژ بە ڕکەبەرانی دەسەڵات کەڵک وەربگرێ، بۆیە ساڵی ١٤٩٣ فەرمانی دا بە ئازادکردنی پوورزاکانی خۆی واتا برایانی سەفەوی (سوڵتان عەلی میرزا، برایم میرزا و سمایل میرزا) و دایکیان دوای چوار ساڵ و نیو گیران و دەسبەسەربوون و بە گەڕاندنەوەی مۆڵک و ماڵی بنەماڵەی سەفەوی پێیان، رێزێکی زۆری لێگرتن (شکری، ١٣٥٠: ٣٤؛ بوداق قزوینی،١٣٧٨: ٢٨٤؛ غفاری قزوینی، ١٣٤٣: ٢٦٣؛ سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٦).

ڕۆستەم بەگ دوای ئەوەی بە پاڵپشتی ئیبەسوڵتان و هاوکاریی بەردەوامی دەروێش و جەنگاوەرە ئازاکانی سوڵتان عەلی کە بە نازناوی سوڵتان عەلی پاشا بانگی دەکرد، توانی  بۆ جارێکی دیکە تاج و تاختی پاشایەتی لە دەست ڕکەبەرانی دەسەڵات ڕزگاربکات و سەروەریی فەرمانڕەوایەتییەکەی بپارێزێت، دەرفەتی بە پاشماوەی تۆڕەمەی سەفەوی کە پووری خۆی و کوڕەکانی بوون دا کەوا بگەڕێنەوە بۆ ئەردەوێڵی هێلانەی سەرەکیان و لە وێ درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن و سەرپەر شتی کاروباری مریدەکانیان بکەن، بەڵام زۆری پێنەچوو بە گەیشتنی ڕاپۆرتی چاوساغەکان بۆ تەورێزی پایتەخت، ڕۆستەم بەگ بە گەشەسەندنی هێز و دەسەڵاتی ئاشکرای لایەنگرانی سەفەویی تۆقی و بۆ جارێکی تر عەلی و براکانی دەسبەسەر کردەوە (خواندمیر، ١٣٨٠: ٣٧؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ٤٣). سوڵتان عەلی کە بیستی ڕۆستەم بەگ هاتۆتە سەر کوشتنی، لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی١٤٩٤ وێڕای تاقمێکی چەند کەسی لە لایەنگرانی لە تەورێزەوە، شەوانە بەرەو زێدی سەرەکی خۆی، واتا ئەردەوێڵ کەوتە رێ و هەڵات (شکری، ١٣٥٠: ٣٦). ئەو پۆلە سوارەی هاوڕێی کە دەورێکی زۆر بەرچاویان لە پێگەیشتنی هەڵگەڕانی سەرکەوتوانەی سەفەوییدا گێرا دواتر بە ناوی **"باوەڕمەندانی تایبەت"** ناسران(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٦) کە دواتر لە سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنی سمایلی برای دا ڕێزێکی یەکجار گەورەیان لێ گیرا و هەندێکیشیان پلە و پایەی بەرزیان پێ بەخشرا.

## ٢- لە مردن ڕزگاربوونی شێخ سمایل و پەروەردەبوونی لە سەر مەزهەبی شیعە:

سوڵتان عەلی لە کاتی ڕاکردن بەرەو ئەردەوێڵ، بە نزیکبوونەوەی سوپای ئاق قۆیوونلوو، هەر ئەوەندەی کە هەستی کرد ژیانی لە مەترسی دایە و ئەستەمە گیانی رزگار بێ، سمایلی برا بچووکەکەی کە تازە پێی نابووە تەمەنی هەشت ساڵییەوە، بە جێگرەوە و پێشەوای ڕێبازی سەفەوی دانا (جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٥٧) و داواشی لێکرد کەوا تۆڵەی خوێنی برا و باب و باپیری لە تۆڕەمەی حەسەن پاشا بکاتەوە چونکە پشکی مراد بە ناوی بەختی پیرۆزی ئەو وەدەردەکەوێ و زۆری پێناچێ لە قۆڵی گیلانەوە بە شمشێری جهانگیرییەوە سەر هەڵدەدات و بە زەبری شیر ژەنگی کوفر لە ڕووی دنیا دادەماڵی(شکری، ١٣٥٠: ٣٧) . بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکانی سەردەمی سەفەوی لە ساڵی ١٤٩٤ لە ئەنجامی شەڕێکی گران لە گەڵ هێزەکانی ئیبەسوڵتان لە دەروبەری ئەردەوێڵ بە کوژرانی سوڵتان عەلی (شکری، ١٣٥٠: ٣٨؛ جهنگشای خاقان، ١٣٦٤: ٢٢-٢٤؛ واله اصفهانی، ١٣٧٢: ٦٣؛ قزوینی، ١٣١٤: ٢٢٦؛ نویدی شیرازی، ١٣٦٩: ٥٧٠) و هەڵاتنی سمایل میرزا بۆ ئەردەوێڵ، بە فەرمانی ڕۆستەم بەگ، سوپایەکی گران بە سەرکردایەتی عەلیخان سوڵتانی چابوکلووی تورکمان بە مەبەستی دۆزینەوە و لەناوبردنی دوامیراتگرانی بنەماڵەی سەفەوی کەوتنە پشکنینی ماڵ بە ماڵی دانیشتوانی ئەردەوێڵ و سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە مرید و دەروێش و لایەنگرانی ئەم خانەدانەیان کوشت و ماڵ و سامانیان لێ تاڵان کرد، بەڵام هیچ ئاسەوار ێکیان لە سمایل میرزایان نەدۆزییەوە، چونکە مرید و لایەنگرانی ڕێبازی سەفەوی بۆ ماوەی پتر لە ٤٠ ڕۆژان کوناوکونیان پێکرد و شاردیانەوە(شکری، ١٣٥٠: ٣٩؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٢١-٢٢). گوایە لەم دۆخە دژوارەدا ژنێک لە هۆزی زۆلقەدر بە ناوی "ئابێ جەراحە" بۆ ماوەیەک توانی سمایل میرزای لە یەکێ لە مەزارگەکانی ناو مزگەوتی گەرەوەی ئەردەوێل بشارێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی پێیان زانی گیرا و پاش درکاندنی ئەو مەبەستانەی دەربارەی ڕەوگەی ڕەوینی سمایل دەیزانی، بە فەرمانی ڕۆستەم بەگ لە مەیدانی تەوریز لە سێدارە درا(جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٦٠- ٦٤). لەم ماوەیەدا ئەگەرچی دایکی سمایل میرزا کەوتە بەر پەلاماری ئەشکەنجەی توندی سوپای ئاق قۆیوونلوو ەکان، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەویش بە حەشارگەی کوڕەکەی نەدەزانی، لە مردن رزگاریبوو و وازیان لێ هێنا. پاش ئەو ماوەیە سمایل میرزا و برایمی برای لە لایەن هەشتا کەس لە مریدانی گیانفیدا و لایەنگرە باوڕپێکراوەکانی سەفەوی دوای ڕاوێژێکی زۆر دەستاودەستی پێکرا، بۆیە سەرەتا لە لایەن ئەمیر

ئیسحاقی حاکمی شاری ڕەشت لە ناو مزگەوتێک بە ناوی **"مزگەوتی سپی"**شاردیانەوە(جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٢٩-٣٠؛ واله اصفهانی، ١٣٧٢: ٦٩-٧٤؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٢٢) و دواتر کاتێ گەیشتنە بارەگای حوکمڕانێکی ناوچەی لاهیجان بە ناوی **"کارکیا میرزا عەلی"** (١٤٤٣-١٥٠٤) کە لە موریدانی شێخ سەفی بوو لە وێ پەنادران (شکری، ١٣٥٠: ٣٩؛ خواند میر، ١٣٧٠: ٣٨؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ٤٥؛ سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٧؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٤٠-٢٤١). دیارە شاری لاهیجان بە هۆی ئەوەی کە پێشتر ژینگەی شێخ زاهیدی گەیلانی و شێخ سەفی بووە لە نێوان سۆفیان و مریدانی ڕێبازی سەفەوی گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو و ئەم ناوچەیان بە پیرۆز دەزانی.

وەک لە سەرچاوە مێژووییەکان باسکراوە، لە ماوی نزیک بەو (٥)ساڵەدا (١٤٩٤-١٤٩٩)کە سمایل میرزا لە دەڤەری لاهیجان خۆی شاردبووە، جگە لە کارکیا میرزای بەخێوکەری لە لایەن کەسێک بە ناوی **شەمسە ددین محەممەدی لاهیجانیی گەیلانی** ( ١٤١٧-١٥٠٧)کە مەلایەکی توندڕەو و دەمارگرژی شیعە بووە زۆر بە توندوتۆڵی لە سەر مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی پەروەردە کرا و پێگەیەندرا(غفاری قزوینی، ١٣٤٣: ٢٦٤مینورسکی، ١٣٧٥: ١٣٢؛ صفوی، ١٣١٤: ٥١؛ جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٦٤). گوایە سمایل میرزا لەم ماوەیەدا وانەکانی ڕەوشت و حوکمەکان و هەروەها چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکە و ڕێبەرایەتیکردنی دەروێش و مریدەکانی لەم شارە و لە لایەن ئەم مامۆستایە و کەسانی وەک کارکیا میرزا عەلی و باوەڕمەندانی تایبەت و کارکیا سوڵتان حوسێن و ئەمیر هاشمی برادەران کە بە بەردەوامی سەردانیان دەکرد وەرگر تووە و لە سەر بیروباوەڕە توندەکانی شیعە گەریی و بە تایبەتی شێوازەکانی دوژمنایەتیکردنی سوننە کان بە چڕی گۆشکراوە( نویدی شیرازی، ١٣٦٩: ٤٠؛ خاتون آبادی، ١٣٥٢: ٤٤٠؛ واله اصفهانی، ١٣٧٢: ٧٤-٧٥؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٤٦-٢٤٨ - ٦٩٤). جگە لەمە **"ئەمیر نەجمی زێڕینگری ڕەشتیش"** لە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی سمایل لە ماوەی مانەوەی لە لاهیجان ڕۆڵێکی گرنگی بینیەوە(غفاری، ١٣٤٣: ٢٦٨؛ صفوی، ١٣٤٨: ٥٧؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ج١، ٨٤) هەر بۆیە دوای ئەوەی سمایل بە هاندان و پشتگیری بەردەوامی کەسانی وەک ئەمانە بە دەسەڵات گەیشت لە بەرامبەر گشت چاکە و وانەکانیان، ئەمیر نەجمی زێڕینگریش دوای لادانی حوسێن بەگی لەلەشاملوو لە پلەی وەکیلی نەفسی نەفیسی هوما یوونی لە شوێنی دایدەنێت و دەیکاتە جێگرەوەی خۆی (سێیڤری، ٢٠٠٦: ٨١؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٤٧-٢٤٨) و گەورەترین پلەی ئایینی و دادوەریی فەرمانڕەوایەتییە کەشی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەدارەتی مەزنە مەلایەتی و سەرکردایەتی کاروباری دادوەری بێ پێشکەشی مەلا شەمسەددینی مامۆستای خۆی و منالەکانی دەکات(پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٤٦). ئەمە خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری شا سمایل و هەبوونی هەیبەت و شکۆی هەرە بەرزی مەلا شەمسەددینی لاهیجییە بۆ وەرگرتنی پلەیەکی ئاوا بەرزی ئایینی، کارگێری و سیاسی لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی سەفەی کە زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستانی لە تورکمانە قزڵباشەکان بوون.

لە لایەکی ترلە ماوەی ساڵانی (١٤٩٤-١٥٠١) وانە چرپرەکانی جەنگاوەری، زۆرانبازی و شێوازەکانی هونەری شەڕکردن و چۆنیەتی سەرکردایەتیکردنی سوپا و خۆ پاراستن و چۆنایەتی هێرشبردنی سەر دوژمنەکانیش لە لایەن تاقمێکی بچووکی حەوت کەسی بە ناوی **"سۆفیانی لاهیجانی"** کە بە نازناوی **"باوەڕمەندانی تایبەت"** دەناسرێن، فێری سمایل کراون(جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٧٥؛ ترکمان، ١٣٨٢: ٢٥؛). ئەم تاقمە بچووکە کە بەرپرسیارێتی هەرە گرنگ و پڕ مەترسیی پاراستنی هێزی جووڵانە وەی مرید و لایەنگرانی ڕێبازی سەفەوییان بە دەستەوە بوو بریتی بوون لە: **"حوسێن بەگی لەلە شاملوو، ئەبداڵ عەلی بەگی دەدە زوڵقەدر، خادم بەگی خەلیفەی تاڵش، ڕۆستەم بەگی قەرامانلوو، بەیرەم بەگی قەرامانلوو، ئەلیاس بەگی خەنەسلوو، قەرا پیربەگی قاجار"** (منشی قزوینی، ١٣٧٨: ٢٨٥؛ جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٧٥) ئەمانە گشتیان شیعەی دەمارگرژ و جەنگاوەڕی بە ئەزموونی سوپای سوڵتان جونەید و حەیدەر و سوڵتان عەلی بوون کە دوای کوژرانی سەرکردەکانیان وەک کۆڵەکەی سەرەکی مرید و دەروێشانی گیانفیدای ڕێبازی سەفەوی شەوانەڕۆژ ئەرکی پاراستن و ڕاهێنانی سمایلی پێشەوایان لە ئەستۆ گرتبوو و هاوکات لە هیچ کردەوە یەک درێغیان نەدەکرد و پێیان وابوو کە ڕێبەریان خواوەندێکی زیندووە و پێویستە بە مەبەستی مسۆگەرکردنی فەرمانڕەوایەتییەکی سەربەخۆ و بەرزراگرتنی ئاڵای ڕێبازەکەیان دەست لە هیچ کردەوەیەک نەپارێزن و سەرجەم فەرمانە کانی سمایل بێ یەک و دووکردن جێبەجێ بکەن(پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٤٥-٢٤٦؛ غفاری فرد، ١٣٨٥: ١٥٢-١٥٥).

بە تەشەنەکردنی کێشە و ئاڵۆزی نێوخۆیی و دەسپێکردنی شەڕوپێکدادان لە نێوان ڕکەبەرانی تاج و تەختی پاشایەتی، فەرمانڕەوایی ئاق قۆیوونلووەکان( ١٣٨٧- ١٥٠١)ی تورکمان بەرەبەرە ڕووی لە لاوازی و داڕووخانی هەمیشەیی دەکرد و بارودۆخی گشتی لە سەرجەم ناوچەکانی ئێرانی دووا ساڵانی سەدەی پازدەهەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خرابی و پەشۆکاوی هەنگاوی دەنا. ملمڵانێی بەردەوام و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گێرە و کێشەی لە بن نەهاتووی نێوان شازادەکانی ئاق قۆیوونلوو کە کوژرانی کۆمەڵێکی لێکەوتەوە، هەلی بۆ پارێزەرانی سمایل ڕەخساند تا سەر لە نوێ بە هێزەکانی خۆیاندا بچنەوە و بە سوود وەرگرتن لە پەرتەوازەیی لە رادەبەدەری دەسەڵاتی ناوەندەی و بەکارهێنانی ئەزموونی زێڕینی جەنگاوەری **"باوڕمەندانی تایبەت و سۆفیانی لاهیجانی"** و بەگەڕخستنی هێز و تواناى مرید و دەروێشە جەنگاوە رانی سەفەوی، دوا نەخشەی چڕوپڕی خۆیان بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە لە بکوژانی سەرکردە دیارەکانیان و تێکۆشان لە ڕێی ڕووخاندنی فەرمانڕەوایێتی ئاق قۆیوونلووەکان و دامەزراندنی دەوڵە تێکی سەربەخۆ لە ئێران دا گەڵاڵە بکەن( سێیڤری، ٢٠٠٦: ٥٧-٥٨؛ پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٤٩-٢٥٠).

لە هاوینی ساڵی ١٤٩٩دا سمایل و شوێنکەوتوانی کە مەرامی ئاشکراکردنی بانگەواز و گەڕانەوەی یەکجارەییان بۆ ئەردەوێلی هێلانەی سەرەکی رێبازەکەیان هەبوو، بە هاوڕێتی لەگەڵ باوەڕمەندانی تایبەت گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە هەلی لە بار بۆ تێکۆشانی کۆتایی لە ڕێی وەدەسهێنانی دەسەڵات بە ڕوویاندا ڕەخساوە. ئەوان بۆچوونیان وابوو کەوا کات و ساتی ڕوو بەرووبوونەوە لە گەڵ ڕووداوەکان و سەرخستنی ئاوات و ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەفەویی گونجاوە، بۆیە سمایل میرزا سەرەتا بە ناردنی یەکێ لەو باوەڕمەندانە بۆ لای کارکیا میرزاعەلی و دواتریش بە بینینی خۆی، سەرەڕای ڕازینە بوونی ناوبراو و هەوڵەکانی بۆ پاشگەزبوونەوە لەم بڕیارە چارەنووسساز و ئەستەمە، بە هۆکاری ئەوەی کە کاتەکەی گونجاو نییە، لە وەڵامی کارکیا دا دەڵێت: **لە عالەمی سەرەوە ڕاسپێردراوم و هیچ چارەیەکی ترم نییە جگە لە بەردەوامی دان بەم بزووتنەوەیە...!** بۆیە لاهیجانی بەرەو ئەردەوێڵ جێهێشت (خواند میر، ١٣٨٠: ٤٤٧؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ٤٧؛ نویدی شیرازی، ١٣٦٩: ٥٧٧؛ سێیڤری، ٢٠٠٦: ٦١).

سمایل و گرووپەکەی لە دوای بە جێ هێشتنی لاهیجان و دەیلەم کاتێ گەیشتنە ناوچەی تارم بە گوێرەی باسکردنی نووسەری نەناسراوی جەهانگوشای خاقان و حەسەن بەگی ڕۆملوو و والەی ئەسفەهانی ١٥٠٠ کەس لە مرید و دەروێشی ناوچەکانی ئاسیای بچووک و شامەوە داوەرین و تێکەڵی بوون (جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٩؛ روملو، ١٣٨٤: ٤١؛ واله اصفهانی، ١٣٧٢: ٧٩) ئەم بابەتە سەلمێنەری ئەوەیە کەوا سمایل میرزا پێشتر و بەر لە بەجێ هێشتنی لاهیجان بە هۆی ناردنی تەتەرەکانیەوە ڕێگە و ڕێڕەوی ڕۆیشتنەکەی بۆ مرید و لایەنگرەکانی دەسنیشان کرد بوو و هاوکات داواشی لێکردبوون کە بە چەکەکانیانەوە تێکەڵی بن (مینورسکی، ١٣٣٤: ٢٤٦؛ Browne, 1964: 22).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سمایل و هێزە تازە پێگەیشتووەکەی لە تارمەوە بەرەو خەلخاڵ و لە وێشەوە دوای یەک مانگ مانەوە و بڵاوەپێکردنی بەشی هەرە زۆری هێزەکەیان بە سەر ناوچەکانی دەوروبەر، بە مەبەستی ئاشکرا نەبوونی پلانە سەرەکییەکەی تەنیا بە ٣٠٠ کەس لە مریدەکانی بەرەو ئەردەوێڵ کەوتە ڕێ. لە وێش دوای بینینی دایکی و سەردانکردنی مەزارگەی خانەدانەکەی، بە هۆی تەهدیداتی بەردەوامی عەلی بەگی چاکرلووی حاکمی ئەوێ، ئەردەوێڵی بە جێهێشت (منشی قمی، ١٣٨٣: ٤٩؛ عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٥٧٧-٥٧٨). سمایل میرزا دوای بەرێکردنی وەرزی سەرما لە دەسپێکی بەهاری ساڵی ١٥٠٠سەرەتا بەرەو ناوچەی قەرەباغ، ئاران، ئیروان و دواتریش لە هاوینی هەمان ساڵدا کاتێک خۆی گەیاندە هەرێمی ئەرزەنجان، بە قسەی والەی ئەسفەهانی و مونشی قومی نزیکەی (٧٠٠٠) تورکمان (٨٠٠٠) عبدی بەگی شێرازی(١٢٠٠٠)کەسی، دیکە لە خێڵاتی **"ئۆستاجلوو، شاملوو، ڕۆملوو، تەکەلوو، زۆلقەدر، ئەفشار، قاجار و وەرساق"** چاوەرێیبوون و هەر بە گەیشتنی سەرکردەکەیان تێکەڵی هێزە کەی بوون (والە اصفهانی، ١٣٧٢: ٩٥؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ٥٦؛ نویدی شیرازی، ١٣٦٩: ٥٧٨).

سمایل میرزای مێرد منداڵ بە درێژایی ئەم گەشتە نهێنییە دوور و درێژەی کە لە لاهیجانەوە دەستی پێکرد بوو لە سەر ڕاسوپاردە و ڕاوێژی بەردەوامی باوەڕمەندانی تایبەت بە پێی نەخشە و پلانێکی دارێژراو بۆ داهاتوویەکی نەخشێنراو هێزەکانی خۆی لە هەر جورە پێکدادانێکی لاوەکی بەدوور گرت و کاتێ گەیشتە ئەرزەنجان دەستی کرد بە ڕاهێنان و پێگەیاندنی سوپایەکی شەڕوان لە مرید و دەروێشە گیان فیداکانی (سێیڤەری، ٢٠٠٦: ٦٢). دوای جێگیربوونی ڕێژەی بەرفراوانی مریدە جەنگاوەرەکان، سمایل کە خۆی لە ململانێی وەچەنگخستنی تاج و تەختی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە بەرامبەر سێ دوژمنی سەرەکی واتە: **"فەڕڕۆخ یەساری حاکمی شەڕوان (١٤٦٥-١٥٠٠)، ئەلوەند بەگی حاکمی تەورێز (١٤٩٨- ١٥٠١) و مرادبەگی حاکمی هەرێمی فارس(١٥٠٠-١٥٠٨)"** دەبینییەوە، لە پاش لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕاوێژ و ڕاسپاردەی باوەڕمەندانی تایبەت و سەرکردەکانی سوپا تازە پێگەیشتووەکەی، بڕیاریدا سەرەتا خۆی لە پەلاماری پاشماوەی بنەماڵەی ئاق قۆیوونلووەکان بەدوور بگرێت بۆیە هەڵیکوتایە سەر شەڕوان (جهانگشای خاقان، ١٣٦٢: ١١٨).

سمایل و سوپایەکەی لە پاییزی ساڵی ١٥٠٠دوای پەڕینەوە لە ڕووباری کوڕ لە نزیک قەڵای گوڵستان کەوتنە شەڕێکی سەخت لە گەڵ فەڕڕۆخ یەساردا و دوای کوژرانی فەڕڕۆخ یەسار بە فەرمانی سمایل

سەری بردرا و لاشەی سووتێنرا و مال و سامانەکەشی تالان کرا(خواندمیر، ١٣٨٠: ٤٥٩؛ جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ١١٩). دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە شەڕوان بەدوای شێخ شای کوڕی فەڕڕۆخ یەسار کەوت کە لە گۆڕەپانی شەڕ بەرەو شەماخی و شاری نەو ڕای کردبوو. لەوێشەوە پاش بینینی **"ئەمیر شەمسەد دین زەکەریای کوجەجیی تەورێزی"**وەزیری زانا و پایەبەرزی خانەدانی ئاق قۆیوونلووەکان و پێدانی نازناوی **"کلیلی ئازربایجان"** و سوود وەرگرتن لە ئەزموون و ڕاوێژە دەوڵەمەندەکانی بەرەو باکۆی پایتەختە دێرینەکەی بکوژانی باپیرانی ئاژووت (عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٥٨٠؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ٦٣؛قزوینی، ١٣١٤: ٢٤٢). بەداگیرکردنی قەلای سەختی باکۆ و تالانکردنی ئاواییەکانی ئەم ناوچەیە سامانێکی لە ڕادەبەدەر لە زێڕ و زیو و گەوهەری جۆراوجۆر کەوتە دەست سمایل کە فەرمانی دا بە دابەشکردنی دەسکەوتەکان بە سەر شەڕوانانی قزڵباش، ئینجا فەرمان درا بە هەڵکولینی گۆڕی خەلیلی شەڕوانشای باوکی فەڕڕۆخ یەسار و دەرهێنانی ئێسقانەکان و سووتاندنیان و دروستکردنی منارە لە کەلە سەری کۆژراوەکان (خواند میر، ١٣٨٠: ٤٦٢؛ منشی قمی، ١٣١٤: ٦٧؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٦٠-٢٦١) .

## ٣- داگیرکردنی تەورێزی پایتەخت و دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی:

دوای داگیرکردنی قەلای باکۆ و لە کاتی ئابلووقەدانی قەلای سەختی گوڵستان، لە پاش پێگە یشتنی هەواڵی پەڕینەوەی ئەلوەند بەگی ئاق قۆیوونلوو لە چۆمی ئاراس بە مەبەستی هێرشکردنی سەر سمایل، بە هاندانی ئەمیر شەمسەددینی کونە وەزیری دەرباری ئاق قۆیوونلووەکان، سمایل بە پەلە ئاراستەی سوپایەکەی لە گوڵستانەوە بەرەو نەخجەوان گوڕی و کەوتە دوای ئەلوەند بەگ(عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٣٩؛ خواندمیر، ١٣٨٠: ٤٦٣- ٤٦٤- ٤٦٧). دوو لەشکرەکە لە بەهاری ساڵی ١٥٠١لە ناوچەی شەروور تێکهەڵنگووتن و کەوتنە شەڕێکی سەخت کە لە ئەنجامدا عوسمان بەگی فەرماندەی سوپای ئەلوەند بەگ بە دیلی کەوتە دەستی شەڕوانانی سوپای سمایل و دواتر کوژرا و سوپایەکەیان لە پاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر تفروتەنا بوو و لێک هەڵوەشایەوە و خودی ئەلوەند بەگیش بە ناچاری بەرەو ئەرزەنجان ڕایکرد و گۆڕەپانی شەڕی بەجێ هێشت(روملو ، ١٣٨٤: ٦٠؛ جهانگشای خاقان، ١٣٦٢: ١٣٨-١٥٠). ئەمە لە کاتێکدایە کەوا عەبدی بەگی شێرازی دەڵێت کە ئەلوەند بەگ بەرەو دیاربەکر هەڵهات (نویدی شیرازی، ١٣٦٩: ٣٩) بە پێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەوی، سمایل میرزا کە لەم شەڕەدا تەنیا ٧٠٠٠ کەسی لە گەڵ بوو لە بەرامبەر سوپای ٣٠٠٠٠ کەسی ئەلوەندا سەرکەوتنێکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەروە و چاوەروان نەکراوی وەدەست هێنا(ترکمان، ١٣٨٢: ٢٨؛ یحیی قزوینی، ١٣١٤: ٢٤١؛ صفوی، ١٣٤٨: ٩٠؛ استرآبادی، ١٣٦٤: ٣٣). لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە مێژووییەدا سمایل جڵەوی هەرێمی پان و بەرینی ئازربایجانی ئەوکاتەی کەوتە دەست (مزاوی، ١٣٨٨: ١٦٥-١٦٦) و ڕۆژی پاشتر بەرەو پایتەختی جارانی ئێلخانەکان، قەراقویوو نلووەکان و ئاق قۆیوونلووەکان ئاژووتی و بە هاورێتی باوەڕمەندانی تایبەت و پشتیوانی جەنگاوەرە قزلْباشەکان پێی نایە تەورێز (نیومن، ١٣٩٣: ٤٠)و لە هاوینی هەمان ساڵیش و لە تەمەنی پازدە ساڵیدا تاجی نایە سەر و خۆی بە شای شایان ناساند(لوسکایا، ١٣٥٤: ٤٣٧) و دامەزرا ندنی دەوڵەتی سەفەویی ڕاگەیاند کە لە راستیدا دەرئەنجامی دوو سەدە خۆسازدان و تێکۆشانی هێمنانە و بەردەوامی بنەماڵەی سەفەوییەکان بوو (Browne, 1964:52؛ سێیڤری، ٢٠٠٦: ٦٢).

شاسمایل لە یەکەم ڕۆژی فەرمانڕەوایەتییەکەی بە ڕاگەیاندنی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی وەک تاکە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتی تازە دامەزراوی سەفەویی خەونی لە مێژینەی باب و باپیرانی هێنایە دی(جهانگشای خاقان، ١٣٦٢: ١٤٧؛ روملو، ١٣٨٤: ٨٦؛ ابی صعب، ١٣٩٧: ١٩- ٢٢). بە باوەڕی زۆربەی مێژوونووسانی سەردەمی سەفەویی و تەنانەت هاوچەرخیش ئەگەرچی لە راستیدا لە کات و ساتی دەرچوون و جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە نە خۆدی شاسمایلی مێرد منداڵ و نە باوڕمەندانی تایبەتیش کە بەردەوام لە گەڵی بوون بە هیچ شێوەیەک شارەزای وردەکاریی و رێوڕەسمەکانی ئەم مەزهەبە و تەنانەت کاردانەوەکانی ئەم بڕیارەش نەبوون (شکری، ١٣٥٠: ٦٤؛ پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٧٧؛) و تەنیا لە سەر راسوپاردەی تۆڕەمەی سەفەویی کە نزیکەی دوو سەدە هەڵسووڕان و چالاکی لە پێناو بڵاوکرد نەوەی رێبازەکە و برەو پێدان و وەگەڕخستنی فەرمانڕەوایەتییەکی مەزهەبی هەوڵیان دابوو و دواتریش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی وانە شیعەگەرییەکانی مەلا شەمسەددین لە سەر شاسمایل ئەم خەونە و ئاواتە دێرینە کەوتە بواری جێبەجێ کردن(نیومن، ١٣٩٣: ٥٤؛ Roemer, 1980:346 ).

دیارە بەر لە وەی ئەم فەرمانە گرنگ و مەترسیدارە بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، هەندێ لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی شاسمایل کە لە کاردانەوە خراپەکانی پاشەڕۆژی ئەم کارە نیگەران بوون پێیان ڕاگەیاند: ئێمە دەترسیین خەڵک بڵێن فەرمانڕەوای شیعەمان ناوێ و ئەگەر بێتو خەڵک سەر وەبەر مەزهەبی شیعە نەهێنن ئەوجا چیمان پێدەکرێ؟( جهانگشای خاقان، ١٣٦٢: ١٤٧؛ شکری، ١٣٥٠: ٦٤) وەڵامی سەیر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و سەرنجراکێشی شاسمایلی تەمەن پازدە ساڵان جێگەی تێڕامانێکی قووڵە، کاتێک بە تووڕەیی و دەنگێکی بەرزەوە دەڵێت: **"لە لایەن خواوەند و ئیمامانی پاکی شیعەوە ڕاسپێردراوی ئەم کارەیە و لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکەش نە حساب بۆ کەس دەکات و نە لە کەسیش دەترسێ و ئەگەر جەماوەریش وەدەنگ بێ و وستە بکا پشتیوان بە خوای گەورە شمشێر هەڵدەکێشم و جووقەواریان لێدەبڕم و تاقەکەسیان بە زیندوویی ناهێڵم...! "**(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٧٠- ٧١؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٧٧).

دوای دامەزراندنی دەوڵەت، لە یەکەمین ڕۆژی هەینی کاتێ خەڵکێکی زۆر لە مزگەوتی گەورەی شاری تەورێز بە مەبەستی نوێژکردن و گوێ گرتن لە ووتاری هەینی کۆ ببوونەوە، بە فەرمانی شاسمایل لەشکری قزڵباش کە خۆیان بە شمشێر و خەنجەری ڕووت ئاخێنراپوو لە نێوان هەر دوو کەسی ئامادەبوو یەکیان دانیشت و لەو کاتەی کە ووتار بە ناوی پێشەوایانی شیعە خوێندرایەوە داوا لە ئامادەبوان کرا کەوا پێویستە هەر کەسێ بەش بە حالی خۆی هەر سێ خەلیفەی ڕاشدین (ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان) نفرین بکات و لە کاتی بێڕێزی کردن و جنێودانیش بە هۆتافی **"زۆر بێ و کەم نەبێ"**بە فەرمی شیعە بوونی خۆی بسەلمێنێت(شکری، ١٣٥٠: ٦٤-٦٥). قزڵباشەکان هەستانە سەر پێ و یەک بە دەنگ هاوارین دەکرد لەمرۆ بە دواوە ئەوەی دژی ئەم فەرمانە بوەستێ خوێن و ماڵی حەلاڵە و گیانیشی ئامانجی شیرو تیر و خەنجەرە تێنووەکانمان دەبێ (جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ١٤٧).

بەم جۆرە لە ڕێی گرتنەبەری درندانەترین شێوازی حوکمڕانی، شاسمایل توانی سەرە تا لە شاری تەورێزی پایتەخت و ئینجا هێدی هێدی لە سەرجەم شار و شارۆچکە و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەیدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی بسەپێنیت و بە ئاگرو ئاسن ناچاریان بکات کە پەسندی بکەن و گوێ لە مستی بن(موسوی فندرسکی، ١٣٨٨: ٩٤؛ قسطمونیلی، ١٣١٤: ٥٢). هەر لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا بە فەرمانی شا شێوازی بانگ دانیان گۆڕی و دوو ڕستەی **"اشهد ان علّیا ولی الله"**و**"حی علی خیر العمل"** یان لێ زیاد کرد و هاوکات دووپاتیان کردەوە کەوا لە مەودواوە هیچ کەس بۆی نییە نە وەک سوننیەکان بانگ بدات و نە وەک ئەوانیش دەسنوێژ هەڵگرێ و بێ گومان ئەوەی بە پێچەوانەی فەرمانەکان بجوولێتەوە مەرگی لە ناکاو چاوەروانیەتی(خواند میر،١٣٨٠: ٤٦٨؛ جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ١٤٩؛ عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٤٠). لە درێژەی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە بە فەرمانی شا گرووپێک لە لایەنگرە دەمارگرژەکانی شیعە بە ناوی **"تەبەررائیان"**پێک هێنران تا بە کۆڵان

و بازاران دا بگەڕێن و بە دەنگێکی بەرز و بە هاوار کردن ئەو پەڕی بێ ڕێزی بە هەر سێ خەلیفەی ڕاشدین بکەن و جنێویان پێ بدەن و تەنانەت ئیمامەکانی دیکەی سوننی مەزهەبەکانیش کە بە دوژمنانی ئیمام عەلی دەناسران لەم هەڵسۆکەوتە نابەجێیە پارێزراو نەبوون. خەڵکە داماوەکەش کە بە تێکرا هەپەسابوون لە سەریان بوو کە لە هەر شوێنێک گوێیان لەم هۆتافانە دەبێ دەم و دەست وەڵامیان بدابایەوە و بیانگوتبا **"زۆر بێ و کەم نەبێ"** چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو و گومانیشیان نەبوو کەوا ئەگەر بێتو وا نەڵێن دەست بەجێ دەکوژرێن(منشی قمی، ١٣٨٣: ٧٣؛ قزوینی، ١٣١٤: ٢٤٢؛ دلاواله، ١٣٨٤: ٤٣؛ حسنی، ١٣٨٨: ٦٧). بە فەرمانی شاسمایل هەموو پیاوان دەبوایە تاج و هاج**(کڵاو و جامانەی درەوشاوە)**ی قزڵباشیان لە سەربنێن و وەک ئەوانیش خۆیان داپۆشن، بۆیە زۆری پێ نەچوو ئێران بە وڵاتی قزڵباشان ناوی دەرکرد(خواند میر،١٣٨٠: ٤٦٨؛ قزوینی، ١٣١٤: ٢٤٢؛ پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٧٨-٢٧٩).

زۆری پێنەچوو کاردانەوە و شوێنهاتی ئەم بڕیارە چارەنووسسازە کە پێ دەچێ گرنگترین بڕیاری تەمەنی شاسمایل بووبێ و لە هەمان کاتدا لە لایەن هەندێ لە مێژوونووسانی ئێرانی و بیانییەوە بە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی سەفەویی دادەنرێت، تێکڕای ڕەوت و ڕەوگەی بزاڤی مێژووی داهاتووی سەرجەم گەلانی ئێرانی گۆڕی(معلوف، ١٣٧٧: ٣٠١؛ میچل، ١٣٩٧: ٤٧؛ پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٧٩). ئاشکرایە کە دانانی ڕێ و شوێنی شیعەگەری لە وڵاتێک کە لانیکەم بە شێوەی فەرمی بەشی هەرە زۆری جەماوەرەکەی هەڵگری مەزهەبی سوننیبوون، کارێکی ئاوا ئاسان نەبوو و کارەساتی کوژران و ماڵوێرانییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ ئەوانەی کە ئامادەنەبوون مەزهەبی خۆیان بگۆڕن بەدیاری هێنایەوە. دژایەتی کردن، هەڵگەڕانەوە و ئازار و ڕاپێچکردنی ئەو کەسەنای کەوا سەریان وەبەر نەدێنا کارێکی هەتا بڵێی ئاسایی بوو(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٧١).سزای سەرپێچی تا سنووری مەرگیش دەیتەنییەوە و هەڕەشە و گورەشەی سووتاندن و ئەشکەنجەدان کە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکردبوو هەرگیز نەبڕایەوە. ڕەنگە بۆ خەڵکی ئاسایی هەبوونی ئەم هەڕەشانە بەس بووبێ، بەڵام پێدەچێت کە زانایانی ئایینی پترخۆیان ڕادەگرت و بە ئاسانی ملکەچی فەرمانەکانی شاسمایل و قزڵباشەکان نەدەبوون، بۆیە هەندێکیان کوژران و ژمارە یەکی زۆریش ڕایانکردە ناوچەکانی سوننی نشینی ژێر سێبەری دەسەڵاتی تەیمووریەکان و ئۆزبەکان (Roemer, 1980:347).

کارە قیزەونەکانی قزڵباشان کە بە فەرمانی راستەوخۆی شاسمایلی مێرد مندال بە مەبەستی چاو ترساندنی خەڵک و چەسوپاندنی دەسەڵاتی تازە دامەزراوەکەیان بەو پەڕی بێ ڕەوشتییەوە جێبەجێ دەکران گەیشتبووە ئاستی کوژرانی ژنانی سکپڕ و دەرهێنانی کۆرپەکانیان و هەروەها کوژرانی ژمارە یکی زۆر لە پاشماوەی بنەماڵەی ئاق قۆیوونلووەکان و تەنانەت هەڵدانەوەی گۆڕەکان و سووتاندنی ئێسقانەکانیان (پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٧٩-٢٨٤؛امیری،١٣٨١: ٤٠٨-٤٠٩) بە بۆچوونی **"کاترینۆ زینۆ"**ی ڤینیزیایی **"ئێدڤارد براون"ی** بەریتانی **"ژان ئائۆبین"**و **"ژان کالمار"**ی فەرەنسی فەرمانەکانی شا سمایل و کردەوەکانی قزڵباشان (کوشتن، بڕینی کەلەسەرەکان، سووتاندنی تەرمی کوژراوەکان و هەڵتەکاندنی گۆڕەکان)لە کۆمەڵکوژ ییەکی بێبەزەییانەی گەلانێکی بێ دەسەلات دەچوو کە هەرگیز ئامادە نەبوون لە پێناو جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان دەسبەرداری بیر و باوەڕە مەزهەبییەکانیان بن (Browne, 1966: 62؛ Aubin, 1988:98؛ Calmard, 1993: 114).

بە قسەی ماریا ئانجۆلێلۆی ڤێنیزیایی، بە فەرمانی شاسمایل نزیکەی ٨٠٠ کەس لەوانەی کە لە دام و دەزگاکانی ئەڵوەند بەگ لە تەورێز کاریان کردبوو سەربڕان و تەرمەکانیان سووتێنڕان. زۆری پێ نەچوو زەبر و زەنگ و کوشتنی خەڵکی بێ دەسەڵات لەم شارە گەیشتە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس و لە درێژەی ئەم کارە چەپەلانە قزڵباشەکان تەنانەت بەزەییان بە سەگ و پشیلەکانی ئەم شارەش نەدەهات و ئەوەی کەوتە بەردەمی شیروتیر و شـمشێرەکانیان رزگاری نەبوو. بە بۆچوونی ناوبراو مێژووی مرۆڤایەتی لە دوای سەردەمی تاریکی **"نێرۆن سێزار"**(٥٤-٦٨ز)ی ئیمپراتۆری ستەمکاری ڕۆمانی کەمتر فەرمانڕەوا یەکی بێویژدانی وەک شاسمایلی سەفەوی بە خۆی بینیوە (امیری، ١٣٨١: ٤٠٩؛ پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٨٠). دوای بە فەرمی ڕاگەیاندنی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لە وڵات لە لایەن شاسمایلەوە، نیاز و پێداویستییەکی بەپەلە بە مەبەستی پەیدابوونی هاوسەنگی و بارتەقایی فکری لە ڕێی ڕێنموونی و بڵاوکرد نەوەی خێرای بیروباوەڕی شیعەچێتی بەدی هات(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٧٣). گوایە لە سەرەتاکانی ڕاگەیاندنی ئەم فەرمانە قەیرانێکی سەخت لە بابەت نەبوونی رێ و شوێن و کتێبی شەرعی شیعە و مەلایانی بە ئەزموون ولاتی تەنیبۆوە و دادوەرێکی شەرعناس دەسنووسیناملکەیەکی کۆنی دەربارەی بنەماکانی بیروباوەڕی شیعەگەری ئامادەکرد کە وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ ڕاهێنانی پیاوانی ئایینی کەلکی لێوەردەگیرا(جعفریان، ١٣٨٧: ١٥٠). لە بەر ئەوەی مامۆستایانی شیعەش بێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەزموون و لە ئاستێکی نزم دا بوون، سەرەتا شاسمایل و ئینجا شاتەهماسب (١٥٢٤-١٥٧٦) ی کوڕی ناچار بوون بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە چارەنوسسازە گرنگە چەند زانایەکی شارەزای شیعە لە ناوچە عەرەبییەکانی **جبل عاملی شام و نەجەفی عێراق** لەخانەدانی کەرەکی لە شارەکانی **"کەرەکی نووح، جەزین و مەشغەرە"**ی شامی ئەوکات و لوبنانی ئەمڕۆ پەلکێشی تەورێزی پایتەخت بکەن (ابی صعب ١٣٩٧: ٢٠-٢١؛ نیومن ١٣٩٣: ٥٤-٥٤).

شاسمایل بە مەبەستی چاودێری پتر بە سەر چۆنیەتی گەشەسەندن و تەنینەوەی شیعەگەری و سەرۆکایەتی کردنی چینی مەلا و فەقێیان دا، پلەیەکی بە ناوی **"سەدر"( مەزنە مەلا – سەرۆکی ئایینی )** دیاریکرد و دادوەر **شەمسەددینی لاهیجانیی** کونە مامۆستا و پەروەردەکاری بە ئەزموونی سەردەمی پێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم پۆستە هەرە گرنگ و هەستیارە رادەسپێرێ تاکۆ سەرجەم بابەتەکانی کارو باری ئایینی و چۆنیەتی بڵاو کردنی مەزهەبی شیعەی دوازدەئیمامی و هەروەها دژایەتیکردنی خەڵکانی لایەنگری مەزهەبی سوننی لە ژێر سێبەری دەوڵەتە تازەکەی بەڕێوە بات (پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٨١). مەزنەمەلا دەبوایە بە مەبەستی چاودێریکردنی تێرو تەسەلی هەموو جوولا نەوەیەکی مەزهەبی دژ بە فەرمانەکانی شا، لە رێگەی تۆڕێک لە مەلایانی دەمارگرژی شیعە کە بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە کرا بوون چۆنیەتی چەسپاندن و جێگیرکردنی مەزهەبی فەرمی وڵات مسۆگەر بکات و هاوکات رێگە بگرێت لە زیاد بوونی رێژەی سوننی مەزهەبەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان (سێیڤری، ٢٠٠٦: ٧٣).

لەم کات و ساتە هەستیارەدا کە دەوڵەتی سەفەویی پێیدا تێپەڕ دەبوو، بە هۆی نەبوونی ئەزموونی بەڕێوەبردن، سیستمی کارگێڕی دام و دەزگای حکومەت بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵ بوو، چونکە لە لایەک سۆفیی و دەروێشەکان کە خۆیان بە میراتگری ڕەسەنی دەسەڵاتی تازە دامەزراوی سەفەویی دەزانی، وێڕای بێ ئەزموونی بەڕێوەبردن، خۆیان بە خاوەنی دەوڵەت و سەرجەم دام و دەزگاکان دەزانی و لە لایەکی دیکەوە شاسمایل بەرەوە ڕووی گرفتی تێکەڵکردنی ڕێکخستنی یەکرێز و یەکانگیری سۆفییەکانی ڕێبازی سەفەوی ببووە کە ڕێیان بۆ بزاڤی خانەدانی سەفەوی و سەرکەوتنی خۆشکردبوو. (پارسادوست، ١٣٨٧: ٢٨٢)لە راستیدا گرێ و کۆسپەکە ماوەیەک پتر ئاڵۆز بوو و تەنگەژەی لێکەوتەوە کە تەنانەت پاش دامەزراندنی دەوڵەتیش، مرید و لایەنگرانی تازە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ ڕوویان لە تەورێز کرد و رێک وەک ئەو کەسانەی خانەدانی سەفەوییان لە سەر تەختی دەسەڵات دانا

بوو، ئاوا بڵێسەیان دەدا و لە تین و تاوی شۆڕشگێڕانەدا پەڵیان دەکوتا. شاسمایل بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەم گرفتە و دەربازبوون لەم گرۆتینە سەرکەشەی شۆڕشگێڕانەدا، چەند جارێک فەرمانی دا بە سوپای قزڵباشەکان بەرەو ئەنادۆڵ (کوردستان) لەشکرکێشی بکەن، کە دواتر ئەم هێرشانە بۆ سەر خاکی عوسمانی یەکێ لەو هۆکارە پاڵنەرانە بوو کە لە ساڵی١٥١٤شەڕێ چاڵدێران و پەلاماری ئیمپرا تۆرێتی عوسمانی بۆ سەر ئێرانی سەفەوی لێکەوتەوە( سێیقری، ٢٠٠٦: ٧٤).

وادەردەکەوێت کە ئەو هۆکارەی کە شاسمایلی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت تووشی دۆخێکی ئاڵۆزی کردبوو، ئەو پێوەندییە ناخۆش و ململانێی گرژەی نێوان توخم و تۆرەمەکانی تاجیک ( ئێرانییە موسلمانەکان) کە بە **"پیاوانی قەڵەم"** دەناسران لە گەڵ هێزە خێڵەکییە تورکمانەکانی قزڵباش یان **"پیاوانی شمشێر"** بوو کە ئەرکی سەرەکی گەیشتنە سەر دەسەڵاتی خانەدانی سەفەوییان کەوتبووە سەر شانیان و زۆربەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هاتبوون. تاجیکەکان نەیاندەتوانی ببن بە سەر کردەی سوپا و قزڵباشەکانیش خزمەتکردن لە ژێر فەرمانی پلەدارێکی تاجیکی ئێرانیان بە سووکایەتی بۆ خۆیان دەزانی(سێیقری، ٢٠٠٦: ٧٥؛ نیومن، ١٣٩٣: ٥٦). ئەگەر پلەیەکی سیا سیان درابایە باڵادەستانی قزڵباش یان لە بەشێکی بەرێوەبەرایەتی وڵات کە ئێرانییەکان بە بەستێنی پاوانی خۆیان دەزانی دایانمەزراند بان، تاجیکەکان پێی تێکدەچوون و دڵیان گەردی لێدەنیشت (جعفریان، ١٣٨٧: ١٣٤). لە راستی دا تێکهەڵچوون و لێک مکوڕبوونی ئەم دوو توخمە سەرەکییە بەری پێنەدە گیرا، مینۆرسکی گووتەنی: "قزڵباشەکان لە نێو میرات و کەلەپووری نەتەوەیی ئێرانی دا خاوەنی جێ پێیەک نەبوون، بۆیە ئێرانییە تاجیکەکان و تورکمانە قزڵباشەکان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی سەفەوی وەک ئاو و رۆن بە سانایی تێکەڵنەدەبوون و تایبەتمە ندێتی دووتۆوی جەماوەرە کانیان شوێنێکی قووڵی دادەنایە سەر سوپا و دەزگاکانی دیکەی بەرێوە بەرایەتی وڵات" (مینورسکی، ١٣٧٨: ١٨٨).

لە زستانی ساڵی ١٥٠١شاسمایل بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە قوولەکانی نێوان ئەم دوو گرووپە و لێکدان و تێکەڵکردن و گۆڕینیان بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی بەهێز و بەرێوەبەرا یەتییەکی رێک و یەکدەنگ (جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ١٥١). دوای وەرگرتنی ڕاوێژی پێویست لە کەسانی متمانەپێکراوی تایبەت بە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان سەرەتا پلەیەکی تازەی داهێنا بە ناوی **"وەکیلی نەفسی نەفیسی هومایوون "** بە واتای نوێنەری زاتی هێژای موبارەک. ئەم پلە بەرزە وەک بریکاری شا کاری دەکرد و لە

یەک کات دا هەم لە کاروباری ئایینی دا وەک مەزنە پێشەوای ڕێبازی سەفەوی نوێنەری بوو و هەمیش سەرپەرشتیاری سەرجەم کاروباری دونیایی بە نازناوی **"میری میران"** ی لە لایەن پاشایەوە دەکەوتە ئەستۆی. لە راستیدا بە دیهێنانی ئەم پلە گرنگە نیشاندەری تێکۆشانی شاسمایلە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان لایەنەکانی دینسالاری و دیوانسالاری حکومەتە تازە دامەزراوەکەی دا(عبدی بیک شیرازی ١٣٦٩: ٥٨٠). سرووشتی بوو کەوا قزڵباشان کە خۆیان بە بڕبڕەی پشتی فەرمانڕەوایەتی سەفەویی دەزانی پالیوراوی سەرەکی وەرگرتنی ئەم پلەیە بن کە لە دوای شا خاوەنی زۆر ترین دەسەڵات بوو لە دەوڵەتی تازەدا(سێیڤری، ٢٠٠٦: ٧٦). بەم پێیە شاسمایل **"حوسێن بەگی لەلەی شاملوو"** کە یەکێ لە پلەدارانی قزڵباش و ئەندامی دەستەی بەهێزی "باوەر مەندانی تایبەت و سۆفیانی لاهیجانی "بوو هەڵبژارد (پارسا دوست ، ١٣٨٧: ٢٨١).

دووهەمین هەنگاوی شاسمایل بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەری نێوان تورکمانە قزڵباشەکان و تاجیکە ئێرانییە کان، گۆڕینی پلەی سەرۆکی پیاوانی ئایینی واتە **"مەزنە مەلا"**بوو بۆ هەڵبژاردە یەکی سیاسی. لە بەر ئەوەی ئەم کارە بڕشت و توانستی سیاسی ئەو کەسەی پێهەڵدەبرد، ئەو دەبوو بە پردێکی پێوەندی لە نێوان ڕیزەکانی پیاوانی ئایینی کە زۆربەیان ئێرانی بوون و لقی سیاسی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی کە لە سەرەتای سەردەمی سەفەویدا لە ژێر ڕکێفی فەرماندەرانی قزڵباشدا بوو. بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە گەورەیە بە فەرمانی شاسمایل **"قازی شەمسەددینی لاهیجانی"** کۆنە مامۆستای سمایل لە سەردەمی پێگەیشتنی لە ناوچەی لاهیجان بۆ ئەم پلەبەرزە ئایینییە هەڵبژێردرا و هاوکات ناوبراو راسپێردرا تا سەرجەم کاروباری ئایینی و گشت کاروباری ئەوقاف و پەرەپێدانی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی لە گشت ناوچەکانی وڵات بەڕێوە بیات(جهانگشای خاقان ، ١٣٦٤: ١٥٢؛ خواند میر، ١٣٨٠: ٤٦٨).

لە درێژەی ئەم گۆڕانکارییە گرنگ و چارەنووسسازانەدا **"محەممەد بەگی سفرەچی ئستا جلوو"** وەک **سوپاسالار** یاخود فەرماندەی گشتیی سوپا کە دواتر بە "**چایان سوڵتان"** ناوزەدکرا و "**دەدەبەگی زۆلقەدر**"یش بە بەرپرسیارێتی ئەرک و کاری **قورچی باشی (سەرکردەی چەکداران)** و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی قزڵباش دەسنیشان کرا و هەروەها پۆستی کارگێڕی **تواچی باشی (جارچێتی)** بە **عەبدی بەگی شاملوو** سپێردرا و **سارۆ عەلی بەگی تەکەلوو**ش کرا بە **مۆرداری** شا(روملو،

١٣٨٤: ١١٠؛ خواند میر ،١٣٨٠: ج٤، ٦٦). هاوکات بە فەرمانی شاسمایل پۆستی وەزارەتی دیوانی باڵا (ناوەندی)کە تەنیا پلەیەک نزمتر بوو لە پۆستی وەکیلی شا، درا بە **"ئەمیر زەکەریای کۆجەجی"** کۆنە شاڵیاری بە ئەزموونی فەرمانڕەوایی ئاق قۆیوونلووەکان(نیومن ١٣٩٣: ٥٧). هەر وەک دەبینین زۆربەی ئەم پلە بەرزانە کە لە رووی سەربازی و کارگێڕییەوە گەلێ گرنگ بوون بە هۆی باڵا دەستبوونی پایەبەرزانی قزڵباش و رازیکردنیان بە بێ لە بەر چاوگرتنی تووڕەبوونی ئێرانییە تاجیکەکان، بە فەرمانی راستەو خۆی شاسمایل بەوان دەبەخشرێن (میچل ١٣٩٧: ٥٣؛ پارسادوست ١٣٨٧: ٢٨١).لە راستیدا زاڵبوونی بارودۆخی سەربازیی و سوپاسالارانە لە ئێرانی سەرەتای سەدەی شازدەهەم و دامەزراندنی دەوڵەتی شیعەی سەفەوی بەرهەمی هەلومەرجی ئەو رۆژگارە بوو کە خانەدانی سەفەوی بە سەرکردایەتی شا سمایل بە هۆی بە کار هێنانی سیاسەتی ئاگر و ئاسن و گرتنە بەری توندترین شێوازی کوشتن و فەرهود کردن تێیدا سەرکەوت(نیومن، ١٣٩٣: ٥٦). هۆکاری پێشوازی و ڕووتێکردنی خەڵک لەرێبازی سەفەوی شتێک بوو کە بە باوەڕی مینۆرسکی دەکرێ ناوی بنێین **"ئیدئۆلۆژیای بەرەو گەشە"**. بەڵام ئەم ئامانجە بە بێ شمشێری قزڵباشە سەرسوورەکان و درِندایەتی لە ڕادەبەدەری ئەوان نەدەگەیشتە ڕادەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەرفراوان (مینورسکی، ١٣٧٨: ٨٣). بۆیە لەو سەردەمە بەدواوە چەند زاراوەیەکی وەک **"قەڵەمڕەوی قزڵباش، دەوڵەتی قزڵباش و وڵاتی قزڵباشان"** بۆ نیشاندانی ڕۆخسار و پێکهاتەی سەرەکی دەوڵەتی سەفەوی بە تەواوەتی سەڵمێنەری هێز و توانای سەرسوورهێنەری ئەم چینە شەڕکەرە هاتۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە (پارسا دوست، ١٣٨٧: ٢٧٨-٢٧٩).

لە راستیدا خانەدانی سەفەوی دوای نزیکەی دوو سەدە تێکوشانی بێ ووچان لە پێناو وەدەستهێنانی دەسەلاتی دونیایی، کاتێ دەرفەتیان بۆ ڕەخساو و لە رێگەی پلان و پیلانە سەرکەوتووەکانی باوەڕمە ندانی تایبەت و سۆفیانی لاهیجانی و بە هۆی سمایل میرزای چواردە ساڵان و پاڵپشتی بەردەوامی سوپای قزڵباش توانیان تاج و تەختی پاشایەتی ئێرانی ئەو کات لە سەر ناوی خۆیان تاپۆ بکەن و ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە تووشی گەلێ گرێ و کۆسپی پڕ پێچ و پەنا و بەربەستی تاقەتپرووکێن بوون، بەڵام سەرکە وتووانە بەسەر گشتیان دا دەربازبوون و بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز، هێدی هێدی سنووری فەرمانڕەوایەتییەکەیان بەرفراوانتر کرد( Brummet, 1996: 337).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ساڵی ١٥٠٣شاسمایل لە درێژەی سیاسەتە فراوانخوازییەکانی دا بە سوپایەکی گران سەرەتا هێرشی کردە سەر ئەرزەنجان، عێراقی عەجەم، ئەسفەهان و هەرێمی فارس کە لەژێر دەسەڵاتی ئەلوەند بەگ و سوڵتان مرادی ئاق قۆیوونلوو بوو(روملو، ١٣٨٤: ٨٥- ٩٤؛ خواند میر، ١٣٨٠: ٤٧٦). دواتر لە ساڵی ١٥٠٤شاری کاشان، یەزد و ناوچەی ئەبەرقوو و هەرێمی مازندەرانیشی خستە ژێر رکێڤی دەسەڵاتی خۆی (غفاری قزوینی، ١٣٤٣: ٢٧١؛ عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٤٦). لە ساڵی ١٥٠٦هەرێمەکانی سنووری رۆژئاوا و ویلایەتی کوردستان و دیاربەکر، دوای شەرێکی گران و کوشتارێکی بێ بەزەیانە خرایە سەر سنووری فەرمانڕەوایەتی سەفەویان(سرور، ١٣٧٤: ٤٤-٤٦-٤٨-٥٢؛ فلسفی ١٣٣٢: ٢٦).

ساڵی ١٥٠٨ بە هێرشکردنی سەر عێراقی عەرەبی و داگیرکردنی بەغدای پایتەختی دێرینی خەلافەتی ئیسلامی و دواترین قۆناغی فەرمانڕەوایانی ئاق قویونلوو، دەرفەتێکی زێڕین هاتەکایە بۆ هێنانە دی خەونی دێرینی شاسمایل و باپیرانی بە مەبەستی دەست بە سەرداگرتنی شارەکانی نەجەف و کەربەلا کە لە روانگەی شیعە مەزهەبەکان بە پیرۆز دادەنرێن و هاوکات لە روی ستراتێژییەوە گرنگیەکی لە رادە بەدەری بۆ دەوڵەتی شیعەی سەفەوی هەبوو(روملو، ١٣٨٤: ١٠٣؛ منشی قمی، ١٣٨٣: ج١، ٩٤). ئینجا داگیرکردنی ناوچەکانی دزفوول، شوشتەر و خوررەم ئاوا لە هەرێمی خوزستان و شاری گرنگی شێراز لە باشووری ئێران سنووری دەسەڵاتی شاسمایلیان فراوانتر کرد(غفاری قزوینی ١٣٤٣: ٢٧٢؛ خواندمیر ١٣٨٠: ٤٩٨ ؛ سرور ١٣٧٤: ٥٣-٥٥).

لە درێژەی ئەم هەڵمەتانە لە ساڵی ١٥٠٩ناوچەکانی شەڕوان، دەربەند، شەماخی و باکۆ لە باکووری ئازربایجان(خواند میر، ١٣٨٠: ٥٠٧؛ عبدی بیک شیرازی، ١٣٦٩: ٥٠) و ساڵی ١٥١٠هەرێمی پان و بەرینی خۆراسان و هێراتی پایتەختی تەیمووریان لە رۆژهەڵاتی ئێرانی کە ئۆزبەکەکان داگیریان کرد بوو خستە ژێر رکێڤی دەسەڵاتی خۆی(خواندمیر، ١٣٧٠: ٦٨؛ غفاری فرد، ١٣٧٦: ١٠٩-١١١) و بەم شێوازە لە ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵ شاسمایل توانی بە پاڵپشتی سوپای وێرانکەری قزڵباش و هێرشە بەردەوامە کانیان زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی پەرش و بڵاوی ئێرانی بخاتە سەر سنووری دەوڵەتە تازەکەی و دەسەڵاتێکی یەکانگیر و سەرتاسەری بەسەریاندا بسەپێنێت(الحسینی، ١٣٧٩: ٦٢؛ قوزانلو ، ١٣١٥: ج١، ٣٧٢؛ سرور، ١٣٧٤: ٥٧- ٦٣).

## ئەنجامەکان:

- سەفەوییەکان لە بنەچەدا بنەماڵەیەکی دەرەبەگ بوون کە لە دۆخێکی پڕ لە کارەساتی کوشتن و بڕین و فەرهودکردندا، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەهەم و لە ناوچەیەکی ناوەندی دەسەڵاتی ئێلخانەکانی ئازربایجان و لە شاری ئەردەوێڵ سەریانهەڵداوە. ناوی دەوڵەتی سەفەوی لە ناوی دامەزرێنەری رێبازی سەفەوی واتا **"شێخ سەفییەددین ئەبولفەتح ئیسحاقی ئەردەوێڵی"** (١٢٥٢-١٣٣٤) وەرگیراوە.
- هەوڵی خۆسازدانی هێمنانەی بەرەو پێشبردنی بیروباوەڕی مەزهەبی کە لە شێخ سەفییەوە دەستی پێ کردبوو، دواتر لە سێبەری هەوڵ و ماندووبوونی بێووچانی سوڵتان جونەید (١٤٢٩-١٤٦٠) و حەیدەری کوڕی بە تۆخی ڕەنگی دایەوە و بە کاروکردەوەی سەربازی ڕووی لە پاوانخوازی و فەرمانڕەوایی سیاسی کرد.
- ئەگەرچی بە کوژرانی شێخ حەیدەر، بزووتنەوەی سەفەوی بۆ دووەم جار لە گۆڕەپانی شەڕدا سەرۆکی خۆی لە دەس دابوو، بەڵام هێز و بڕشتی دەروونی بێ وچانی بەرەوە گەشە و پێشکەوت پاڵی پێوەنا تا کۆ ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییە پێ بنێتە قۆناغێکی هەستیارتر.
- سوڵتان عەلی وەک کوڕە گەورەی شێخ حەیدەر و جێگرەوەی باوکی، لە کاتی ڕاکردن بەرەو ئەردەوێڵ، بە نزیکبوونەوەی سوپای ئاق قۆیوونلوو، هەر ئەوەندەی کە هەستیکرد ژیانی لە مەترسی دایە و ئەستەمە گیانی رزگار بێ، سمایلی برا بچووکەکەی کە تازە پێی نابووە تەمەنی هەشت ساڵییەوە، بە جێگرەوە و پێشەوای ڕێبازی سەفەوی دانا و داواشی لێکرد کەوا تۆڵەی خوێنی برا و باوک و باپیری لە تۆڕەمەی حەسەن پاشا بکاتەوە.
- سمایل میرزا لە دەڤەری لاهیجان بۆ ماوی نزیک ٥ ساڵ خۆی شاردەوە، جگە لە کارکیا میرزای بە خێوکەری کە بە بەردەوامی ئاگای لێ بوو و لە هەرەشە و مەترسییەکانی سوپای ئاق قۆیوونلوو دەیپاراست لە لایەن کەسێک بە ناوی **شەمسەددین محەممەدی لاهیجانی گەیلانی ( ١٤١٧-١٥٠٧)** زۆر بە توندوتۆڵی لە سەر مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی پەروەردە کرا و پێگەیەندرا.
- لە ماوەی ساڵانی (١٤٩٤-١٥٠١) وانە چڕوپڕەکانی جەنگاوەری، زۆرانبازی و شێوازەکانی هونەری شەڕکردن و چۆنیەتی سەرکردایەتیکردنی سوپا و خۆ پاراستن و چۆنایەتی هێرشبردنە سەر

دوژمنەکان لە لایەن تاقمێکی بچووکی حەوت کەسی بە ناوی **"سۆفیانی لاهیجانی"** کە بە نازناوی **"باوەر مەندانی تایبەت"** دەناسرێن، بە چڕ وپڕی فێری سمایل کران.

- لە ئەنجامی سەرکەوتن لە کۆمەڵی شەڕی گرنگ و مێژوویی لە بهاری ساڵی ١٥٠١سمایل میرزا جڵەوی هەرێمی پان و بەرینی ئازربایجانی گرتە دەست و بە گرتنی تەورێزی پایتەخت لە هاوینی هەمان ساڵدا و لە تەمەنی پازدە ساڵی تاجی نایە سەر و خۆی بە شای ئێران ناساند و دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەویی ڕاگەیاند کە لە راستیدا دەرئەنجامی دوو سەدە خۆسازدان و تێکۆشانی هێمنانە و بەردەوامی بنەماڵەی سەفەوییەکان بوو.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبە بەلگەنامەییەکان:

- فریدون بیک، احمد پاشا(١٨٤٨م) منشات السلاطین، ٢ جلد، اسطانبول.
- موسوی فندرسکی، ابوطالب (١٣٨٨ه.ش) تحفەالعالم در اوصاف و اخبار شاه سلطان حسین، بە کوشش رسول جعفریان، کتابخانەی موزە و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.
- ثابتیان، ذبیح الله،(١٣٤٣ه.ش)، اسناد و نامەهای تاریخی دورەی صفویە، کتابخانەی ابن سینا، تهران.
- نوایی، عبدالحسین،(١٣٥٣ه.ش)، شاه عباس اول ( مجموعە اسناد و مکاتبات تاریخی) دو جلد، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران.

### سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەفەوی بە زمانی فارسی:

- ابن بزاز، توکلی بن اسماعیل بن حاجی الاردبیلی(١٣٧٣ه.ش) صفوە الصفا، بە تصحیح غلامرضا طباطبایی مجد، تبریز.
- بدلیسی، شرف الدین بن شمس الدین(١٣٧٧ه.ش) شرفنامە، تاریخ مفصل کردستان، بە تصحیح ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، نشر اساطیر، تهران.
- بوداق قزوینی، منشی (١٣٧٨ه.ش) جواهر الاخبار، مقدمە و تصحیح و تعلیقات محسن بهران نژاد، نشر میراث مکتوب، تهران.
- پیرزادە زاهدی، شیخ حسن ابن شیخ ابدال(١٣٤٣ه.ش) سلسلە النسب صفویە، چاپخانە ایرانشهر، برلین.
- ترکمان، اسکندر بیک (١٣٨٢ه.ش) تاریخ عالم آرای عباسی، با اهتمام و تنظیم ایرج افشار، نشر امیر کبیر، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- جنابذی، میرزا بیک (١٣٨٧ه.ش) روضه‌الصفویه، به کوشش غلامرضا طباطبایی مجد، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران.
- الحسینی، خورشاه ابن قباد (١٣٧٩ه.ش) تاریخ ایلچی نظام شاه، تصحیح، تشحیه، توضیح و اضافات ؛ دکتر محمد رضا نصیری- کوئیچی هانه‌دا، نشر آثار و مفاخر فرهنگی، تهران.
- خاتون آبادی(١٣٥٢ه.ش) وقایع السنین و الاعوام، خاتون آبادی، انتشارات کتابفروشی اسلامیه، تهران.
- خواند میر، امیرمحمود (١٣٧٠ه.ش) تاریخ شاه اسماعیل و شاه طهماسب صفوی ( ذیل تاریخ حبیب السیر)، تصحیح و تحشیه محمدعلی جراحی، نشر گستره، تهران.
- خواندمیر، غیاث الدین(١٣٨٠ه.ش) تاریخ حبیب السیر فی اخبار افراد بشر، به کوشش جلال الدین همایی، نشر خیام ، تهران.
- خنجی اصفهانی، فضل الله بن روزبهان (١٣٤١ه.ش)عالم آرای امینی، نسخه عکسبرداری شده توسط مجتبی مینوی، کتابخانه مرکزی دانشگاه تهران.
- روملو، حسن بیک(١٣٨٤ه.ش) احسن التواریخ، به اهتمام دکتر عبدالحسین نوایی، نشر اساطیر، تهران.
- شکری، یدالله(١٣٥٠ه.ش) عالم آرای صفوی (شاه اسماعیل)، نشر بنیاد فرهنگ ایران، تهران.
- صفوی، سام میرزای(١٣٤٨ه.ش) تحفه‌ی سامی، تصحیح وحید دستگردی، کتابفروشی فروغی، تهران.
- غفاری قزوینی، قاضی احمد (١٣٤٣ه.ش) تاریخ جهان آرا، نشر حافظ، تهران.
- فسایی، حسین (١٣١٤ه.ش) فارسنامه‌ی ناصری، نشر سنایی، تهران.
- قزوینی، ابولحسن(١٣٦٧ه.ش)فوایدالصفویه، تصحیح، مقدمه و حواشی مریم میراحمد، موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی، تهران.
- قزوینی، یحیی (١٣١٤ه.ش) لب التواریخ، نشر موسسه خاور، تهران.
- قسطمونیلی، لطیفی (١٣١٤ ه.ق) تذکره لطیفی، اقدام مطبعه سی، استانبول.
- لاهیجی، علي بن شمس الدین بن حاجي حسن (١٣٥٢ه.ش) تاریخ خانی، تصحیح منوچهر ستوده، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران.
- منشی قمی، قاضی احمد بن شرف الدین حسین حسینی(١٣٨٣ه.ش)خلاصه‌التواریخ، تصحیح دکتر احسان اشراقی، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- نویدی شیرازی، عبدی بیک (١٣٦٩ه.ش) تکمله الاخبار، تاریخ صفویه از آغاز تا ٩٧٨هجری قمری، با مقدمه و تصحیح و تعلیقات عبدالحسین نوایی، نشر نی، تهران.

- واله اصفهانی، محمد یوسف(١٣٧٢ه.ش) خلد برین، ایران در روزگار صفویان، به کوشش میر هاشم محدث، مجموعه انتشارات ادبی و تاریخی، موقوفه دکتر محمود افشار یزدی، تهران.
- مستوفی، حمدالله(١٣٦٢ه.ش) نزهه القلوب، در صفت بلدان و ولایات و بقاع، به سعی و اهتمام گی لسترنج، دنیای کتاب، تهران.
- ناشناس (١٣٦٤ه.ش) جهانگشای خاقان، مقدمه الله دتا مضطر، مرکز تحقیقات فارسی ایران و پاکستان، اسلام آباد.

**گەشتنامەکان:**

- امیری، منوچهر (١٣٨١ه.ش) سفرنامه‌های ونیزیان در ایران، سفرنامه‌های ونیزیانی که در زمان اوزون حسن آق قویونلو به ایران آمده‌اند، نشر خوارزمی، تهران.
- دلاواله، پیتر (١٣٨٤ه.ش) سفرنامەی پیتردلاواله، ترجمەی شجاع الدین شفا، نشر علمی فرهنگی، تهران.

**توێژینەوە مێژووییەکان بە زمانی فارسی:**

- ابی صعب، ریو لاجوردی (١٣٩٧ه.ش) تغییر مذهب در ایران، دین و حکومت امپراتوری صفویه، ترجمه رفعت خواجه‌یار، چاپ سوم، انتشارات تمدن علمی، تهران.
- استرآبادی، سید حسن حسینی (١٣٦٤ه.ش) از شیخ صفی تا شاصفی، ازتاریخ سلطانی، به اهتمام احسان اشراقی، انتشارات علمی، تهران.
- پارسادوست، منوچهر (١٣٨٧ه.ش) شاه اسماعیل صفوی، پادشاهی با اثرهای دیرپای در ایران و ایرانی، نشر سهامی انتشار، تهران.
- پتروشفسکی، ایلیا پاولیچ (١٣٦٣ه.ش) اسلام در ایران، ترجمه کریم کشاورز، نشر پیام، چاپ هفتم، تهران.
- جعفریان، رسول (١٣٨٧ه.ش)نقش خاندان کرکی در تاسیس و تداوم دولت صفوی، نشر علم، تهران.
- حسنی، عطاالله (١٣٨٨ه.ش)کلاه ترک از آغاز تا ظهور صفویان، تاریخ ایران ش ٥-٦، تهران.
- سیوری، راجر (١٣٨٠ه.ش) در باب صفویان، ترجمەی رمضان علی روح الهی، نشرمرکز، تهران.
- سرور، غلام(١٣٧٤ه.ش) تاریخ شاه اسماعیل صفوی، ترجمەی محمدباقر آرام، نشر دانشگاهی، تهران.
- کسروی، احمد(١٣٧٩ه.ش) شیخ صفی و تبارش، نشر فردوس، تهران.
- لوسکایا، پیگو و سایر نویسندەگان شوروی (١٣٥٤ه.ش) تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی، ترجمه کریم کشاورز، انتشارات پیام، چاپ چهارم، تهران.
- فلسفی، نصرالله (١٣٣٢ه.ش) جنگ چالدران، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- قوزانلو، جمیل (١٣١٥ه.ش) تاریخ نظامی ایران، نشر مطبوعات تهران، تهران.

- غفاری فرد، عباس قلی (١٣٧٦ه.ش) روابط صفویه و ازبکان، نشر وزارت امور خارجه، تهران.
- غفاری فرد، عباس قلی (١٣٨٥ه.ش) از ساسانیان تا افشاریه، نشر فردوس، تهران.
- مزاوی، میشل(١٣٨٨ه.ش)پیدایش دولت صفوی، ترجمه یعقوب آژند، نشرگستره، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (١٣٧٨ه.ش) سازمان اداری حکومت صفوی، با تحقیقات و حواشی و تعلیقات مینورسکی بر تذکره الملوک، ترجمه مسعود رجب نیا، با حواشی و فهارس و مقدمه و امعان نظر محمد دبیر سیاقی، انجمن کتاب و کتابفروشی زوار، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (١٣٧٥هـ.ش) تاریخ شروان و دربند، ترجمه محسن خادم، نشر بنیاد دایرەالمعارف اسلامی، تهران.
- میچل، کالین (١٣٩٧ه.ش) سیاست ورزی در ایران عصر صفوی، قدرت، دیانت، بلاغت، ترجمەی حسن افشار، نشر فرهنگ جاوید، تهران.
- نوایی، عبدالحسین و غفاریفرد، عباسقلی(١٣٩٤ه.ش)تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی ایران در دوران صفویه، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، چاپ دهم، تهران.
- نیومن، اندرو. جی (١٣٩٣ه.ش) ایران صفوی، ترجمه عیسی عبدی، بنگاه ترجمه و نشر کتاب پارسه، چاپ اول، تهران.
- هینتس، والتر(١٣٦٢ه.ش) تشکیل دولت ملی در ایران، حکومت آق قویونلو و ظهور دولت صفوی، ترجمه کیکاووس جهانداری، انتشارات خوارزمی، تهران.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

- تقوش، محەممەد سهێل(٢٠١٢ز)مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێرانی، سالار محەممەد، چاپخانەی ڕۆژ هەلآت، هەولێر.
- سێیڤری، راجر (٢٠٠٦ز) ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێرانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

- اسپیناقچی پاشازادە، محمد عارف مترجم ارزرومی(١٣٠٩ه.ش)انقلاب الاسلام بین الخاص و العام، نسخەی خطی کتابخانه ملی تهران، شمارەی ١٦٣٤، تهران.
- معلوف، ر. ک. لویس (١٣٧٧ه.ش) المنجد، ج ٢، ترجمەی مصطفی رحیمی اردستانی، نشر صبا، تهران.
- کربلایی تبریز، حافظ حسین(١٣٤٤ه.ش)روضات الجنان و جنات الجنان، تصحیح جعفر سلطان القرائی، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- A. H. Morton (1996) The Early Years of Shah Ismail in the Afdal al-tavarikh and Elsewhere, in Safavid Persia: The History and Politics of an Islamic Society , ed. C. Melville.
- Edward Browne (1966), A Literary History of Persia, vol. IV. Modern items, (1500-1924). Cambridge. The university Press.
- H. R. Roemer,(1980)The Safavid Period, The Cambridge History of Iran, Cambridge University Press, London.
- Jean Aubin (1988) L,Avenement des Safavides reconsiders, Moyen Orient et Ocean Indien. Vol. 5.
- Jean Calmard (1993)Les ritulas sgiites et le prouvoir: 1, imposition du shiisme safavid: eulogios et maledictions canoniques, in Etudes Safavides, ed, J.Calmard paris.

-Palmira Brummet (1996)The Shadow of Shah Isma,il Safavi: Plotical Rhetoric and, Divine, kingship, in Medieval Christian Perceptions of Ismail ed. J Tolan, New Yotk.

# Establishment Of a Safavid State in Iran

**Nimat Shahab Haji**
Department of History, College of Arts, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Nimat.haji@su.edu.krd

**P.D. Khalil Ali Murad**
Department of History, College of Arts, Salahuddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Khalil.murad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Safavid family, Azerbaijan region, Qizilbash army, Ardewel, Taurus, First Shah Ismail the First, Safavid state.*

## Abstract

The establishment of the Safavid state in the year 1501 on the hands of the Shah Ismail the First (1501-1722) is considered one of the most important stages in the history of Iran, given the early beginning of the formation of this new state and its independence from foreign powers, especially the Mongols and Ilkhanade empires, who had already occupied Iran in two stages, one after the other. Although some researchers believe that they belonged to the Safavid family, which did establish a national state in Iran, there is little evidence to support this view. However, we can

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

say that the arrival of the Safavid family, the national identity begun within the boundaries of the newly established state, it is important to remember that it did not reach national security, until a new state was created. In the aftermath of this discussion, we have tried to shed light on the foundations of the Safavid family and the reasons for their emergence and development, as well as the way in which they came to power. In this regard, the study seeks to highlight the important aspects of religious, social, political, military, and even important areas under the control of the Safavid family. With the highlight of the important reasons behind the steps taken by Sheikh Ismail, the son of Sheikh Haider, to establish an independent state in one of the most complex and turbulent regions of Azerbaijan in early sixteenth-century Iran.

**الملخص**

يعد تأسيس الدولة الصفوية في سنة 1501م على يد شا اسماعيل الأول من المراحل المهمة في تاريخ ايران الحديث، وذلك لأن بداية وتأسيس تلك الدولة الفتية كانت بمنأي عن التدخلات الخارجية ولاسيما سلطة المغول الإلخانيين، التي تمكنت في عهدين مختلفين من احتلال ايران، على الرغم من انه هناك من الباحثين من يرى ان الصفويون كانوا أول من أسسوا دولة قومية في ايران، ولكن لاتوجد قرائن كثيرة تدعم هذا الزعم، بالرغم من ذلك يمكن ان نعد تأسيس الدولة الصفوية في ايران بداية ارهاصات ظهور الفكر القومي فيها، ولكن لم تنعم بالإستقرار المطلوب بحيث يجعل دولة الصفويين الى دولة قومية ايرانية، انطلاقا من هذا المفهوم، حاولنا في هذا البحث ان نسلط الضوء على اصول اسرة الصفويين و عوامل ظهورهم و نهوضهم وكيفية وصولهم الى سدة الحكم، حاول البحث تتبع العوامل: الدينية و الإجتماعية و السياسية و العسكرية في بلورة سلطة الصفويين فضلاً عن دور بعض المناطق في ذلك، كما وتم التركيز في هذا البحث على أهم الأسباب التي ادت الى ان تخطو شيخ اسماعيل ابن شيخ حيدر خطواته الحثيثة نحو تأسيس دولته في منطقة تعد بؤرة المشاكل في آذربيجان الإيرانية خلال القرن السادس عشر للميلاد.

**الكلمات المفتاحية:** الأسرة الصفوية، إقليم آذربيجان، جيش قزلباش، اردبيل، تبريز، شا اسماعيل، الدولة الصفوية.